# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی حەڤدەهەم

ریفۆرم و شۆرش

ژیانی هاوبەش، خێزان، هاوسەرگیری و تەلاق...ل 10



ساڵی حەوتەم ژمارە (144) بەرواری 15-5-2023 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## وتەی ژمارە

## پارتی و یەکێتی کێشە لەسەر قەڵەمڕەوی سیاسی، یان حکومەتی دیکۆرا!

بەرواری ٨ ی ئەم مانگە، سەرۆکی حکومەتی هەرێم! و جێگرەکەی دوای زیاتر لە شەش مانگ، کۆبونەوە. کۆبونەوەی نێوان سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، لەژێر گوشاری دەرەکی و بەتایبەتی ئەمریکادا بوو.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دیکۆری بێدەسەڵاتی، دەسەڵاتی میلیشیایی و پارتی و یەکێتییە، کێشەکان و گرفتەکانی چ لەنێوان پارتی و یەکێتی یان لایەنەکانی تردا بن، هیچ لەو راستیە ناگۆڕیت کە حکومەت بەهیچ پێوانەیەک مافی فەرمانڕەوایی هەرێمی کوردستانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نییەو لە ڕوانگەی خەڵکی کوردستانیشەوە حکومەت جگە لە دیکۆرێک و



موچەخۆری حزبە باڵادەستەکان زیاتر شتێکی تر نییە. کێشەی نێوان پارتی و یەکێتیش لە ناو حکومەتێکی دیکۆر و بێ دەسەڵاتدا لەبەرامبەر بە هەژموونی حزبدا، تەنها گۆشەیەکە لە خستنە رووی روکەشی کێشە بناغەیەکان. کێشەی دەسەڵات و قەڵەمرەوی سیاسی لە ئاستی زۆنە دروستکراوەکانی حزبدا، کێشەی بناغەیی نێوان پارتی و یەکێتی و حزبەکانی تری هاوشێوەو هاوکردار و پەیامیانە.

پارتی و یەکێتی، کێشەیان لە حکومەتدا، بەهەند ناگرن، چونکە حکومەت خۆی لەخۆیدا بەهای نییە... بەڵام هەموو کێشەیەکی سیاسی نێوان پارتی و یەکێتی راستەوخۆ کارگەری لەسەر دۆخی سیاسی هەرێم و هاوڵاتیان دروست دەکات... هۆکاری بناغەیش بۆ ئەو دۆخە کە کیشەکانی پارتی ویەکێتی کیشە بۆهەرێم و هاوڵاتیان دروست دەکات ئەوەیە کە بەداخەوە قوتی خەڵکی کوردستان و موچەو خزمەتگوزارییەکان و ئارامی سیاسی و دۆسیە پەیوەستەکانی تایبەت بە ئایندەی سیاسی کوردستانەوە، بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیەوە گرێی خواردووە.

مانگرتنی جێگری سەرۆکی حکومەت لە حکومەتدا بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ، ریشەی لە حکومەتدا نەبوو، بەڵکو ریشەی لە ململانێی سیاسی و بریاری سیاسی نیوان پارتی و یەکێتیدایە. پارتی جومگە هەستیار و برِیارە چارەنووسازەکانی دەسەڵاتی لەهەرێمدا لەدەستی خۆیدا قۆرغ کردووە، و مامەڵەی یەکیتی وەکو

بۆ لاپەڕە 2

## کرێکارانی خزمەتگوزاری گشتی و پۆست بریارنامەیەکیان بۆ پشتیوانی لە خەباتی کرێکارانی فەرەنسا پەسەند کرد...




دوای ئەوەی هێزە سەرکوتگەرەکانی بۆرژوازی فەرەنسا و حکومەتەکەی ئیمانوێل ماکرۆن، لەبەرامبەر بە ئاکسیۆن و خۆپیشاندان و کۆبونەوەی یەکی ئایاری ملیۆنی کرێکارانی فەرەنسادا، دەستیان دایە سەرکوت و توندوتیژیەکی بێوێنە بەرامبەر بە کرێکاران وداخوازییە رەواکانیان سەبارەت بە مافی خانەنشینی، کۆبونەوەی لیژنە هاوبەشەکانی کرێکارانی خزمەتگوزاری گشتی پۆست لە ئەڵمانیا، بریار نامەیەکیان بۆ هاوپشتی لە خواستی کرێکارانی بۆ لاپەڕە 3

## رژێمی لەسەرمەرگی جمهوری ئیسلامی بەردەوامە لە سەرکوت، لە سێدارەدان و دڕندەیەکەی...



لەماوەی تەنها چەند رۆژێکی کەمدا، ١٢ هاوڵاتی خەڵکی بلوچستان کەدوانیان ژن بوون، لەسێدارە دراوان. هەروەها دوو زیندانی تر بەناوەکانی موسا گۆرگیج و ئیحسان گۆرگیج لە زیندانی بەندەر عەباس لە سێدارە دراون، هەروەها ٣ ئایار ئەمینولا کەریمی قەلجەیی لەمەشهەد لە سێدارە درا. وە ٣٠ نیسان مادینە سەبزەڤان کەدایکی پێنج منداڵ بوو لەشاری زاهیدان لەگەڵ دوو کەسی تر بەناوەکانی عەبدوڵا زارۆزەهی و محەمە شەبیک بۆ لاپەڕە 3

## تۆمەتبارانی جینوساید و ئەنفال و سەرکوت... دەبێ ڕاکێشی بەردەم دادگاو لێپرسینەوەی یاسایی بکرێن!...ل9

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- قوربانیانی نائەمنی شوێنی کار... قوربانیانی چاوچنۆکی کۆمپانیاو سەرمایە...ل3
- قوربانیانی پیاوسالاری و نامووسپەرستی.........................................ل3
- باسێکی کورت لەسەر کتێبی چی بکرێت ی لینین.................................ل4
- دەردە ئایینیی کوردی........................................................................ل4
- شوان سدیق، وەڵام بە پرسی رۆژ دەداتەوە.......................................ل5
- "ماڵی کورد" لە پەیامی بارزانی، لە یادگەی نیشتیمانی بارزانیدا!...................ل6
- پێگەی ژن لەفیلم و دراماکاندا................................................................ل7


## دۆسیەی ژمارە "ڕادەستکردنی نەوت و ئایندەی سیاسی کوردستان"



هاوڕێ عەلی مەولود وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەی داوەتەوە...ل11-12


پرسی رۆژ ل5
پرسی ژن ل7
گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

## درێژەی وتەی ژمارە

هێزێکی پەرتەوازە و بێ باڵانس و رووله بچوکبوونەوە دەکات. یەکێتی نیشتیمانی مامەڵەی پارتی لە بەرامبەر بەخۆیدا و تەنانەت هیزەکانی تری سیاسی لە کوردستان بە ناشایستە بەخۆی بە میژوو و رابردووەکەی!! دەزانێت. بەتایبەتیش کە تا ئێستا خاوەنی دەسەڵاتی زۆنێکە. یەکێتی بەهیچ کلۆجێک لە سۆنگەی هەڵبژاردنەکان و کوردسیەکانی لە پەرلەماندا ئامادەنییە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و دەخوازێت وەکو فەرمانرەوای زۆنێک بەرخوردی لەگەڵ بکرێت. نەرمی پارتی و هیزە سیاسیەکانی تری سەر گۆرەپانی کوردستانیش لەگەڵ یەکیتی هیشتا رەنگدانەوەی ئەو واقعیەتەیە کە یەکێتی کورسی و هەبێت یان نا، دەنگ بهێنێت لە هەڵبژاردنەکان یان نا... هیزی یەکەم و بڕیار بەدەستی زۆنێکە... بەڵام ئەم واقعیەتە ئاوا نامێنێتەوە، هەروەکو چۆن سەرجەم دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بەم شێوەی ئیستای قابیلی مانەوە نییە و رەوتی ئاڵوگۆرەکان ئاییندەیەکی تر و دۆخێکی تایبەتی تر دەخاتە ڕوو. دۆخێک کە هەژموونی پارتی و یەکێتی لە ئاستی کوردستاندا لاواز تر دەکات و بریاری چارەنووسازی سیاسی و ئەمنی و حقوقی و ئابوری و پەیوەندیەکان و ...تاد، لەدەست دەردەهێنێت یان بەشیوەی رەمزی لە چەند گۆشەیەکدا لە قالبی دەدات. کێشەی پارتی و یەکێتی لە ئێستادا لەسەر ئەو ئایندە سیاسیەو ئەو رەوەندەیە کە دەستی پێکردووە.

ئامادەیی بۆ ئەو رەوەندە روو لەپێشە، مەسەلەی سەرجەم بۆرژوازی کوردو حزبە سیاسیەکانیەتی. لە خانەوادەی بۆرژوازی کوردا، بەتایبەت پارتی و یەکێتی کە هێزی باڵادەست و دەسەڵات بەدەستی کوردستانن، پارتی ئامادەتر و بەنەخشەوە ئامادەکاری دەکات و دەیەوێت نەک تەنها لەگەڵ دۆخەکە خۆی بگونجێنی، بەڵکو دەیەوێت کاراکتەرێکی سەرەکی لە دۆخی داهاتوودا بێت، هەرچی یەکێتییە، هیزێکی نائامادە و بێ روئیایەو کیشەی سەرەکی یەکێتیش بەجیا لەنەبوونی پرۆژەی سیاسی دیاریکراوی روشن، کیشەی ناوخۆیی و لەبنەرەتیشدا کێشەی رابەرییە. بۆیە بۆ یەکێتی بەو دۆخەی ئێستایەوە ناتوانێت وەڵامدەرەوەی هیچ کام لەو پرس و مەسەلانە بێت کە لە ئارادان... لەنێو ئەو مەسەلانەدا پرسی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان، مەسەلەیەکی بناغەییە بەتایبەتی دەتوانێت کاریگەری لەسەر پیگەی سیاسی هێزەکان چ لەگەڵ بەغداو چ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و ناوخۆی کوردستان هەبێت... دیارە رۆشنە هەڵبژاردن لە دۆخی هەرێم و هەژموونی حزبی و لەسایەی نادیاری ئاییندەی سیاسی کوردستان و مافی فەرمانڕەوایی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و ئەو گرفتانەی پارتی و یەکێتی لەگەڵی بەرەو ڕوون، یەکجار قورس و رووبەڕووە لەگەڵ گرفتی زۆر بناغەیی، بەڵام بەو حاڵەشەوە بۆتە مەسەلەیەک کە خۆ لێ لادانی قورسە بەتایبەتی کە ئەمریکاو غەرب چاویان لەسەریەتی و گوشارەکانیان بەردەوامە.

پەناگیری و تۆرانی جیگری سەرۆکی حکومەت، مانۆرو گۆشارێکی سیاسی یەکێتی بوو، تا پارتی دۆخی یەکێتی لەبەرچاو بگرێت و نیشانی بدات پرۆسەی سیاسی هەرێم بەبێ بەشداری یەکێتی پەکی دەکەوێت... بەتاییەتی لە هەلومەرجێکدا کە هەڵبژاردنێک لەپێشە. بەشیک لە نەرمی نواندنی پارتی لەبەرامبەر بەیەکێتیدا ئەوە بوو کە پارتی سەرباری هەر رێگری و کۆسپێک هیشتا ئامادەترو بەنەخشەوە بۆ هەڵبژاردن ئامادەیە و بەبێ یەکێتیش هەڵبژاردن پەکی دەکەوێت... لەو نێوەدا پارتی ئامادەیە دەورەیەکی تریش نیوە ئاوانس بە یەکێتی ببەخشیت و مامەڵەی دەنگ و کورسی لەگەڵ یەکێتی نەکات و بەشداری سیاسی یەکێتی لەجێگایدا بەرەسمی بناسێت. ئەمەش خێرو سەدەقیەک نییە پارتی بیبەخشێت، بەڵکو ناچارییەکە. تا ئەوکاتەش یەکێتی بەتەنها خاوەن دەسەڵاتی زۆنی سەوز بێت پارتی ناچارە لەسەر ئاستی هەرێم، مامەڵەی تایبەت لەگەڵ یەکێتی بکات.

بەجیا لە ماهیەتی هەڵبژاردن و رۆڵی لە گۆرانکارییدا، کە رۆشنە هەڵبژاردن ناتوانێت ببێتە سەرچاوەی گۆرانکاری. ئەوە بۆ خەڵکی کوردستان ئەزموونکراوە کە هەڵبژاردنەکان رێگایەیک بۆ ئاڵوگۆرو باشترکردنی ژیان و گوزەران و تەنانەت دەستاو دەست پیکردنی دەسەڵات نییە... بەڵام بۆتە مۆد و ڕێگایەک بۆ ئابدەیتی ساختەی هێزەکان و وەرگرنەوەی رەوایەتی لەپێشدا براوەی دەسەڵاتی پشت بەستو بەچەک و دزینی قوتی هاوڵاتیان و خۆبەستنەوە بە بلۆکە جیهانی و هەریمایەتیەکانی... لەو نێوەدا گرفتی بناغەیی مەسەلەی بەشداری نەکردنی خەڵک و بایکۆتی جەماوەرییە... ناتەبایی و درێژەکیشانی ململانێی پارتی و یەکێتی شەری میدیایی و خستنەڕووی کارنامەی یەکتری، هێندەی تر گورز لە گەمەی هەڵبژاردنەکەیان دەدات و پرسی بایکۆت و تۆرانی جەماوەری زۆرتر دەکات، بۆیە ئەگەر ململانێی پارتی و یەکێتی بەشێک و تایبەتمەندییەک و تەنانەت پێداویستیەک بێت بۆ پارتی و یەکێتی بۆ راگرتنی هیزەکانیان و جەماوەرەکەیان، بەڵام ناچارن لە هەندێک دۆخی تایبەت و لەژێر گوشاردا، ململانێکانیان خاو بکەنەوە و ئاستی گرژییەکانیان بێنە خوارەوە، رێکەوتنی ئەمجارەی پارتی و یەکێتی، لە بنەرەتدا رەنگدانەوەی ئەو دۆخە ناچارییە و ئەو دۆخە داسەپاوەیە. کاریگەری و گوشار و مل کەچی پارتی و یەکێتی بۆ داواو راسپاردەکانی دنیای دەرەوە بەتایبەتی بۆ غەرب و ئەمریکا، ئەو راستیەی لای خەڵکی کوردستان جێگیر کردووە، کە پارتی و یەکێتی نەک بە وێنەی دوو هیزی سیاسی هەرێم بەڵکو وەکو داشی دامەو نۆکەر پیشەی راسپێردراوی غەرب و ئەمریکا مامەڵە دەکەن و وەکو هەمیشە مانەوە و ئابدەیتی خۆیان بە خۆبەستنەوە بە ئەمریکا و غەرب و وڵاتانی ناوچەکەوە گرێداوە. ریکەوتنی ئەمجارەش تەمەنی کورت و تا کاتی هەڵبژاردنەکان یان کەمێک دوای هەڵبژاردنەکان زیاتر برِ ناکات و لەوەش زیاتر هۆکاری ڕیکەوتنی پارتی و یەکێتی دوور و نزیک پەیوەندی بە وەڵامدانەوە بە کیشە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی کوردستان و چارەسەری پرسە هەڵواسراو کیشەکانیان لەگەڵ بەغدا نییە، بەڵکو بۆ زەمانەتی درێژەدانە بەدەسەڵاتداریتیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا. جەنگی واقعی و کیشەی سەرەکی لە نێوان چینی کریکار و جەماوەری بەش مەینەت لەلایەک و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لەلایەکی ترەوەیە...

**ناوەراستی ئایاری ٢٠٢٣**

**یەکێتی بەهیچ کلۆجێك لە سۆنگەی هەڵبژاردنەکان و کورسیەکانی لە پەرلەماندا ئامادەنییە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و دەخوازێت وەکو فەرمانڕەوای زۆنێك بەرخوردی لەگەڵ بکرێت. نەرمی پارتی و هێزە سیاسیەکانی تری سەر گۆڕەپانی کوردستانیش لەگەڵ یەکیتی هیشتا ڕەنگدانەوەی ئەو واقعیەتەیە کە یەکێتی کورسی و هەبێت یان نا، دەنگ بهێنێت لە هەڵبژاردنەکان یان نا... هێزی یەکەم و بڕیار بەدەستی زۆنێکە...**

**پەناگیری و تۆرانی جیگری سەرۆکی حکومەت، مانۆرو گۆشارێکی سیاسی یەکێتی بوو، تا پارتی دۆخی یەکێتی لەبەرچاو بگرێت و نیشانی بدات پرۆسەی سیاسی هەرێم بەبێ بەشداری یەکێتی پەکی دەکەوێت... بەتایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە هەڵبژاردنێك لەپێشە..**

**مانگرتنی جێگری سەرۆکی حکوممەت لە حکوممەتدا بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ، ریشەی لە حکوممەتدا نەبوو، بەڵکو ریشەی لە ململانێی سیاسی و بریاری سیاسی نیوان پارتی و یەکێتیدایە. پارتی جومگە هەستیار و بڕیارە چارەنووسازەکانی دەسەڵاتی لەهەرێمدا لەدەستی خۆیدا قۆرغ کردووە، و مامەڵەی یەکیتی وەکو هێزێکی پەرتەوازە و بێ باڵانس و رووله بچوکبوونەوە دەکات. یەکێتی نیشتیمانی مامەڵەی پارتی لە بەرامبەر بەخۆیدا و تەنانەت هیزەکانی تری سیاسی لە کوردستان بە ناشایستە بەخۆی و بە میژوو و رابردووەکەی!! دەزانێت. . .**

## کرێکارانی خزمەتگوزاری گشتی و پۆست بڕیارنامەیەکیان بۆ پشتیوانی لە خەباتی کرێکارانی فەرەنسا پەسەند کرد...

فەرەنسا و ئیدانەکردنی سەرکوتگەریەکەی حکومەتەکەی ماکرۆن پەسەند کرد. ئەم هەنگاوەی کرێکارانی پۆستی ئەڵمانیا، نیشانەیەکی بەرجەستەیە لە پێشرەوی بزوتنەوەی کرێکاریی و دوبارە پێداگرتنەوەیە لە هاوپشتی و هاوچارەنووسی جیهانی چینی کرێکار. ئەگەر یەکی ئایاری ئەمساڵ قەبارەی بەشداری کرێکارانی زۆر زیاتر لە ساڵانی پێشوو خستە ڕوو، ئەوا ئەم پەیامی هاوپشتیەی کریکارانیش لە ڕێگای بڕیانامەیەکەوە ناوەرۆک و گۆشەیەک لە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کرێکاری ئەم سەردەمە و گرنگی ریکخراوبوون و هاوپشتی لە یەکتری دەخاتە ڕوو... دەقی بریارنامەکە لەلاپەڕە... بخوێننەوە.

ئێمە هاوسۆزی خۆمان بەرامبەر خەباتی کرێکارانی فەرەنسا دژی کەمکردنەوەکانی مووچەی خانەنشینی و لەپێناو ڕووخانی حکومەتی ڕق لێبووەی ماکرۆن دەرئەبڕین. ئێمە بە توندی ئیدانەی ئەو کردەوە دڕندانانەی پۆلیس ئەکەین کە لە بەرامبەر نارەزایەتی ئاشتیانەی ملیۆنان خەڵک ئەنجام دران.

ئەم کارە شەڕانگێزانەی حکومەتی ماکرۆن ئەوە دەرئەخات کە کرێکاران، نەک تەنها لە بەرامبەر چاکسازییەکی ناپەسەندو قێزەون، بەڵکو لە بەرامبەر حکومەت و دەوڵەتی بۆرژوازی، و تەواوی سیستەمی سەرمایەداریدا وەستاونەتەوە. پرسیاری بنەڕەتی لێرەدایە کە ئایا باج و تێچووی سیاسەتەکانی لایەنگرانی شەڕ و ئۆلیگارشییەکانی دەوڵەمەندکردنی دەوڵەمەندان ئەبێت بۆ سەر شانی چینی کرێکار بگوازرێنەوە؟

خەباتەکانی ئێمە لە ئەڵمانیا لەسەر هەمان پرسیارن و کرێکارانی فەرەنسا هاوپەیمانی سروشتی ئێمەن. ئێمە تەنیا کاتێک ئەتوانین سەرکەوتوو بین کە پێکەوە شەڕ بکەین. بەیاننامەی هاوپشتیمان دەربڕینی ئەو ڕاستییەیە کە ئێمە وەک یەک، و یەک خەبات لە ناکۆکیەکانمان تێ ئەگەین. ئەوەی پێویستە نارەزایەتی و مانگرتنێکی سەرتاسەری و هەمەلایەنەی ئەورووپییە دژی سیاسەتەکانی بڕین و هەڵگیرسانی شەڕ.

لە هەردوو دیوی ڕووباری ڕایندا، کرێکاران ڕووبەڕووی بیرۆکراسییەتی یەکێتییەکان ئەبنەوە کە لە نزیکەوە لەگەڵ حکومەت هاوئاهەنگانە کارئەکەن و مانگرتنەکان لەسەر ئاستی سەرتاسەری گۆشەگیر ئەکەن و تێک ئەدەن. بزووتنەوەیەکی ئەورووپیی تەنیا لەدژی ئەم دەزگایانە بەدەست دێت و پێویستە ڕێکخراوە سەربەخۆکانی لیژنە و کۆمیتە سەربەخۆکانی کرێکاران خۆیان جڵەوی مانگرتنەکان بگرنەدەست و لە ئاستی نێونەتەوەییدا پێکیانەوە گرێبدەن.

**تیبینی: دەقی بریارنامەکە لە ماڵپەڕی سەکۆی هەواڵی کرێکارییەوە کراوە بەکوردی...**

## ڕژێمی لەسەرمەرگی جمهوری ئیسلامی بەردەوامە لە سەرکوت، لە سێدارەدان و دڕندەیەکەی...

لە بلوجستان لە سێدارە دروان...

شەش بەلوچی دیکە لە زیندانەکانی زاهیدان و ئێرانشار لە سێدارە دراون کە یەکێکیان ژن بوو.

جگە لەوەش ناسر حەسەن پوور، زیندانیی کوردی خەڵکی بوکان

کە تووشی نەخۆشییەکانی دڵ بوو، بە هۆی نەبوونی چارەسەری پزیشکی و گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە، لە زیندانی ورمێ گیانی لەدەست دا.

هەروەها ٥ ی ئایار زیندانیەکی تری خەڵکی سەردەشت بەناوی فەرامەرز شەخسی لە بەندیخانەی ناوەندی ورمێ لە سێدارە درا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٤ ئایار، سزای لەسێدارەدانی بەندکراوێکی خەڵکی مهاباد بەناوی "جەلال ڕەحیمیان ئازەر" لە زیندانی لاکانی ڕەشت بەڕێوە چوو....

جیا لەوانە ژەهراوی کردنی قوتابخانەکان، گوشارهێنان بۆ ژنان و تا حجاب بکەن و سزا دانان بۆ ئەوانەی حجاب ناکەن، تا هەرەشەو چاوسورکردنەوە لە رابەرانی بزوتنەوە نارەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان...تاد

ئەوانەی سەرەوە تەنها گۆشەیەکە لە هێرشێکی بەرین و بەرفراوان و بۆ سەر خەڵکی ئیران و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کریکارییدا.

هێرشی بەردەوامی دەسەلاتی نەنگینی جمهوری ئیسلامی بۆسەر خەڵکی ئیران و دەستبردنی بۆ دەستگیری و ئیعدام و سەرکوت، بەجیا لە ئیدامەدان بە کارنامەی سەرکوتگەریەکەی کە لەگەڵ هاتنە سەرکارییەوە بەدەستیەوە گرتووە، هاوکات بەرهەمی هەلومەرجێکی تازەشە، هەلومەرجێک کە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی زیاتر لە شەش مانگە، خولقاندویەتی. دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی لە شەش مانگی رابردوودا، گۆرانی بەسەردا هاتووە. هاوسەنگی هێزی خەڵک لەبەرامبەر بە دەسەڵاتدا زیادی کردووە و دەسەڵاتی ئاخوندەکانی سەرمایە لەلایەکەوە لاوازو لەلایەکی ترەوە پەرش بڵاو ناکارا بووە. ترس لە دەسەڵات شکاوە، رەمزەکانی دەسەڵات بۆنەتە مایەی گاڵتەجاری.. ژن وەکو رەمزی سەرکوتگەری دەسەڵاتی ئیران، دەستی کراوەترە، حجاب تورڕدراوە، بەرگرتن بە کۆبونەوەو نارەزایەتیەکان سەخت بووە، بڕوا بەخۆ بوونی جەماوەری زیادی کردووە، فریوکاری رژێم فش بۆتەوە، رژێم لەناوخۆیدا ناتەباو فشۆڵ بووە... بزوتنەوەی بەهیزی کرێکاری دوای خامۆشبوونەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی شەقام، بەهێزێکی سەراسەری و هاوئاهەنگەوە لەمەیداندایە و زیاتر لە ١٠٠ ناوەندی هەستیاری کریکاری لە کارگەو ناوەندەکانی نەوت و گازو پترۆکیمیاوی بەردەوامن لە نارەزایەتی دەربڕین...

هەموو ئەوانە وای کردووە، کە دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی هەوڵەکانی سەرکوتی زیاد بکات، تا بەر بەرەوتی روولەپیشی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کریکاری بگرێت و کەشی ترس و تۆقاندن بسەپینێتەوە، مافە بەدەستهاتووەکانی ڕاپەرین و هەلسانی جەماوەری پاشەکشە پێبکات و وەریان بگرێتەوە، دەسەڵاتە پەرش و بڵاو و ناتەباکەی بەزۆری سەرکوت، سازبداتەوە... بەڵام هیچکام لەوانەیە ناتوانن دۆخی ئیران بگێرنەوە بۆ پیش ڕاپەرین و هەڵسانی جەماوەری.


راستە بزوتنەوەی جەماوەری لەشەقامدا پاشەکشەی پێکراوە، بەڵام گەرمی پشکۆی نارەزایەتی جەماوەری ئامادەیی هەیە، کریکاران لە مەیداندان، ژنان هەدا نادەن و مل بە حجابی ئیسلامی نادەنەوە، سەمای سەرشەقامەکان و دڵخۆشی بەسەرکەوتن خامۆش ناکرێت. هەموو ئەو شەپۆلە لە ئیعدام و سەرکوت، پەلەقاژەی مەرگە، بەدەستی جەماوەرێکی ملیۆنییەوە و خامۆش کردنەوەی لە تواناادا نییە.

## قوربانیانی پیاوسالاری و نامووسپەرستی...

* بەرواری ٧ ی ئایار لەگوندی کێلە سپی سەر بەناحیەی گردەسێن لە قەزای ئاکرێی سەر بە پارێزگای دهۆک، ژنێک لەلایەن برایەکەوە کوژرا. ژنەکە خاوەنی سێ منالّەو تەمەنی ٢٦ ساڵ بوو. بکوژی ئەو ژنە دوای کوشتنی خوشکەکەی راتکردووە. دەوترێت دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ روداوەکە کراوەتەوە.
* بەرواری ١١ ی ئایار ئاسیا ئەشرەف، کچێکی تازە پیگەیشتووی لەلایەن دوو خوشکەوە، لە پلانێکی تەم و مژاوی لە ئاوی روباری خاسی نزیک قەڵادزێدا، خنکینراوە... دەوترێت دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم روداوە کراوەتەوە.

## قوربانیانی نائەمنی شوێنی کار... قوربانیانی چاوچنۆکی کۆمپانیاو سەرمایە...

* چواری ئایار کرێکارێک لەکەلار بەناوی "عەلی تالّیب" دوای چەندین رۆژ مانەوەی لە خەستەخانە بەهۆی سەختی برینداریەکەیەوە گیانی لەدەستدا... عەلی تالّیب ئەو کرێکارە بوو کە لە کاتی کارکردن و لەحیم کردنی تانکیەکی گازدا لە ٢٤/٤/٢٠٢٣ بەهۆی تەقینەوەی تانکیەکە لەگەڵ چەند کرێکاریکی تردا کە یەکێکیان بەناوی ئارایان ئیبراهیم گیانی لەدەستدا، بریندار ببوو، بەڵام سەر ئەنجام بەهۆی سوتاوی زۆر و سەختی برینەکەیەوە ئەویش گیانی لەدەست دا.
* چوار ئایار لەیەکێک لە پرۆژەکانی نیشتەجێ بووندا لەسەر ڕێگای پیرمام کرێکارێک لەکاتی کارکردندا لەبەرزایەکی زۆرەوە دەکەوێتە خوارەوە گیان لەدەست دەدات، ئەم کرێکارە خەڵکی رۆژئاوای کوردستانەو بەناچاری و بۆ بەڕیوەچوونی ژیان و گوزەرانی رووی لە کوردستانی عێراق کردبوو بۆ کارکردن... کەچی نائەمنی شوێنی کار گیانی لێ سەندەوە.
* بەرواری ٥ ئایار، کرێکارێک لەکاتی کارکردنی لەیەکێک لە پڕۆژەکانی نێشتەجێ بوون لە شاری سلێمانی بەناوی" دانیار بەکر" تەمەن ٢٢ ساڵ خەڵکی ناحیەی سەنگاو، لە بەرزایەکی زۆرەوە دەکەوێتە خوارەوە، دوای ئەوەی رەوانەی خەستەخانە دەکرێت، بەڵام بەهۆی سەختی برینداریەکەیەوە گیان لەدەست دەدات.



# باسێکی کورت لەسەر کتێبی چی بکرێت؟ ی لینین

## وەرگێرانی: توانا حەمە نوری

چی بکرێت؟ کتێبێک بوو لینین لە ساڵی ۱۹۰۱ نووسی و لە ساڵی ۱۹۰۲ بڵاویکردەوە. ناونیشانی کتێبەکە لە ڕۆمانێکی ڕۆماننووسی ڕوسی نیکۆلای چێرنیشێڤسکی ساڵی ۱۸٦۳ بەهەمان ناوەوە وەرگیراوە.

لینین دەڵێت چینی کرێکار تەنیا بەشەڕی ئابووری لەگەڵ خاوەنکارەکان لەسەر کرێ و کاتی کارکردن و هاوشێوەکانی لەخۆوە نابێتە سیاسی. بۆ پەروەردەکردنی چینی کرێکار لەسەر مارکسیزم، لینین پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە مارکسیستەکان پێویستە پارتێکی سیاسی، یان پێشەنگ، لە شۆڕشگێڕە دڵسۆزەکان پێکبهێنن بۆ ئەوەی بیرۆکەی سیاسی مارکسیستی لەناو کرێکاراندا بڵاوبکەنەوە. ئەم کتێبە دابەشبوونی پارتی کرێکارانی سۆشیال دیموکراتی ڕووسیای لە نێوان بەلشەفیکەکانی لینین و مەنشەفیکەکاندا خێراتر کرد.


### خاڵە سەرەکییەکانی کتێبەکە

لینین سەرەتا ڕووبەڕووی ڕەوتی بەناو ئابوورییەکانی نێو سۆشیال دیموکراسی ڕووسیا دەبێتەوە کە هێڵی ئێدوارد بێرنشتاینی پەیرەوی دەکرد. لینین ڕوونی دەکاتەوە کە هەڵوێستەکانی بێرنشتاین هەلپەرست بوون، هەروەها نمونەی وەرگرتنی پۆستێک لە حکومەتی بۆرژوازی لەلایەن سۆشیالیستی فەرەنسی ئەلێکساندەر میلەراند دەهێنێتەوە.

لینین جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی بۆ خەبات دژی بۆرژوازی، سۆشیال دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان پێویستیان بە گرنگیدانێکی تایبەت بە پرسیارە تیۆرییەکان دەبێت، هەڵوێستی فریدریک ئەنگڵس بە بیر دێنێتەوە کە خەباتی سۆشیال دیموکراسی سێ فۆرمی هەبووە، ئەوانیش سیاسی، ئابووری و تیۆری.

لینین دەڵێت، کرێکاران بەهۆی ململانێی ئابووری لەگەڵ خاوەنکارەکانیان یان لەڕێگەی کردەوەی خۆبەخۆوە وەک مانگرتن یان خۆپیشاندان، لەخۆوە پەرە بە هۆشیاری چینایەتی نادەن. بەڵکو شۆڕشگێرانی مارکسیست پێویستیان بە پێکهێنانی پارتێکی سیاسی هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی مارکسیستی و ڕازیکردنی کرێکاران بۆ بەشداریکردن و پەیوەندیکردن بەو پارتەوە. لینین دەڵێت تێگەیشتن لە سیاسەت پێویستی بە تێگەیشتن لە هەموو کۆمەڵگە هەیە، نەک تەنها کرێکاران و ململانێی ئابوورییەکانیان لەگەڵ خاوەنکارەکانیان.

هۆشیاری سیاسی چینایەتی تەنیا لە دەرەوە دەتوانرێ بۆ کرێکاران بهێنرێت؛ واتە تەنیا لە




دەرەوەی خەباتی ئابوورییەوە، لە دەرەوەی کایەی پەیوەندییەکانی نێوان کرێکاران و خاوەنکارەکان. ئەو کایەیەی ئەم زانستەی لێیەوە بەدەست دەهێنرێت، کایەی پەیوەندییەکانی هەموو چینەکانە بە دەوڵەت و حکومەتیشەوە.

لینین لێکدانەوە بۆ شەپۆلی مانگرتنەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمی ڕووسیا دەکات و دەنووسێت: "مێژووی وڵاتان ئەوە نیشان دەدات کە چینی کرێکار، بە هەوڵەکانی خۆی، تەنیا توانای پەرەپێدانی هۆشیاری سەندیکایی هەیە؛ بەڵام تیۆری سۆشیالیستی لە ڕووسیا، وەک شوێنەکانی دیکەی ئەورووپا، بەرهەمی "نوێنەری خوێندەواری چینە خاوەندارەکان" بوو، ڕۆشنبیران یان "ڕۆشنبیرانی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕ". لینین باس لەوە دەکات کە کارڵ مارکس و ئەنگڵس، دامەزرێنەرانی سۆشیالیزمی زانستی سەردەم، سەر بەم ڕۆشنبیرییە بۆرژوازییە بوون.

**لە ئینگلیزییەوە تەرجومە کراوە**

# دەردە ئایینیی کوردی

## نووسینی: دلێر محەمەد نوری

قەدەری گەلی کورد و ڕەچەڵەکی باوباپیرانی وابووە کە نیشتەجێی سەر زەمینێک بن کە جێگەی سەرهەڵدانی هەموو ئایینە ئیبراهیمی و زۆرینەی ئایینە ئاسمانی و فەلسەفی و ئینسانییەکان بن. چاکەی گەلی کوردیش لەوەدا بووە کە هەر لە باوەشگرتنە، ئایینە فرە خوداییەکان و تا دەگاتە زەردەشتی و ئێزیدی و موسڵمان و کریستیان و جوو و کاکەیی و هەقە و وردە ئایین و ڕێبازی ئایینی دیکەش، هەمیشە گیانی پێکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردن، یەکێک بووە لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی کورد. ئەو پەلامارادانی یەکتریەش، لەسەر بیروباوەڕی ئایینی، کە ئەگەر ڕووی دابێ لێرە و لەوێ، جگە لە کاری پیلانگێڕی دوژمنان و کارکردنە سۆزی تاکی کوردی سەر بە ئایینێک، دژ بە تاکی کوردی سەر بە ئایینێکی دیکە، لەمە بەدەر نەبووە. دەنا خەڵکی کورد هەرگیز بە تەواوی هزریی خۆیانەوە، نەچوونەتە ناو هیچ ئایینێکەوە. سەرباری هەموو ئەم ڕاستییانەش، کورد هەرچ ئایینێکی گۆڕی بێ بە ئایینێکی نوێ، خستوویەتییە ژێر ڕکێفی بیری کوردانەوە. هەموو ئەم ڕاستییانەش بە دەلیلی ئەوەی کە تا دوێنێ پێش سەرهەڵدانی سەحوەی سەلەفی و وەهابی و ئیخوانی و ئیسلامی سیاسی، هیچ کوردێک بیری جیاوازی ئایینی و بیروباوەڕی ڕوحی بۆ نەبووبوو بە کێشەیەک. بە ڕاستی پێکەوژیان یەکێک لە هەرە خەسڵەتە جوانەکانی کوردستان بووە بە درێژایی مێژوو. بەڵام گەر بگەڕێینەوە بۆ پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بە گشتی و بۆ سەردەمی دوای ڕاپەڕین بە تایبەتی، دەبینین کە تەوژمێکی ئیسلامی توندڕەوی ڕووت یاخود میانڕەوی توندڕەو شاراوە، لە کوردستان سەری هەڵداوە. گەر لەوە زیاتر خۆ بە مێژووی پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستاندا سەرقاڵ نەکەین و بێینە نێو کرۆکی باسەکەوە دەبینین: لە نێو زۆرێک لە ئیسلامی و سەلەفی و وەهابی و ئیخوانییەکاندا، بیرێکی دژە کولتور و دژە بۆنەی نەتەوایەتی و



دژە مێژوو و دژە هەموو پاشخان و پاشماوەیەکی نەتەوەیی خۆیان دەوەستنەوە.

ئەوان ئامادەن هەموو ئەمڕۆی کوردی خۆیان بکەن بە قوربانی دوێنی ئەنفالکەر و ئەمڕۆی ئەتککەر و داگیرکەری خودی کورد. تەنها لەبەر ئەوەی ئەرکی سەرشانی کوردی موسوڵمانە بەوەی کە یاسای "انصر اخاک المسلم، سواءاً کان ظالما او مظلوما". واتا "پشتی برای موسڵمانی خۆت بگرە، جا ستەمکاربێ یان ستەملێکراو". چی هەیە لەوە داماوتر کە کورد خۆی بە خۆی بکات لە بەر تیشکی وەها فەرموودەیەکی پڕ لە نادادپەروەریدا؟ بەمەش تۆ بێی ئامادە بی خوێنی برای خوێنی خۆت بمژی و بیکەیتە قوربانی برای دینی خۆت. ئەو ئیسلامە سیاسییەی ئەمڕۆ ئێخەی بیر و هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی گرتووین، پەیڕەوێکی دیکەی جێگیریان هەیە کاتێک دەڵێن: "سلام علی من اتبع الهدی" واتا: "ئاشتی تەنها بۆ ئەوانەی ڕێگەی ڕاستیان گرتووە". جا با هێڵە نەتەوەیی و کوردانە و ئازادەکە ستەملێکراو بن، مادام ڕێگەی ڕاستیان نەگرتووە و برای دینییان نین، ئەیانکەن بە قوربانی ئەو ستەمکارانەی کە برای دینین و بە تەنها لەبەر ئەوەی، ئەوان هاوڕێی ئەو دونیای ئەمان دەبن. جا با دونیای ئەمڕۆی برای خوێنیشمان وێران بکەن.

**لینین دەڵێت چینی کرێکار تەنیا بەشەڕی ئابووری لەگەڵ خاوەنکارەکان لەسەر کرێ و کاتی کارکردن و هاوشێوەکانی لەخۆوە نابێتە سیاسی. بۆ پەروەردەکردنی چینی کرێکار لەسەر مارکسیزم، لینین پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە مارکسیستەکان پێویستە پارتێکی سیاسی، یان پێشەنگ، لە شۆڕشگێڕە دڵسۆزەکان پێکبهێنن بۆ ئەوەی بیرۆکەی سیاسی مارکسیستی لەناو کرێکاراندا بڵاوبکەنەوە**

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

# شوان سدیق، ڕۆژنامەوان و خوێندکاری بەشی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان... وەڵامی پرسی ڕۆژ دەداتەوە



**پرسی ڕۆژ/ شوان سدیق، ڕۆژنامەوان و خوێندکاری بەشی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە یونیکاڵ/ ئیتاڵیا**

**بەمجۆرە وەڵامی پرسی ڕۆژی داوینەتەوە.**

**ئایا شێوازی دەستگیرکردنی علی محمود ناسراو بە (علی سیاسی) و کەسێك لە ماڵەکەی و هێشتنەوەی بۆ ماوەیەك لە بەندینخانە تا چەند یاساییە؟**

**لەئەگەری نایاسایی بوونی ئەودەستگیرکردنە، ئایا چ پەیامێکی دیکەی لە پشتە بۆ گرتنی کەسایەتیەکی سیاسی و چالاکوان لە مەیدانی جینۆساید و ئەنفال...تاد. پێتان وا نییە ئەو گرتنە درێژکردنەوەی دۆسیەی گیراوانی بادینان و ڕفاندن و توندوتیژی نواندنەکان بێت بەرامبەر نەیارانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان؟**

**شوان سدیق:** ڕەوتە پارێزگارخواز و توندڕەوەکانیش چوونەتە پاڵ دەسەڵات.

پدك و یەنك، ئۆپۆزسیۆنی ساختەیان بۆ دابەشکردنی کۆمەڵگەو مانەوەی خۆیان دروستکردوە.

* دەستگیرکردنی عەلی سیاسی وەکو خۆی باسیکردوە، کەسی تۆمەتبار لەڕۆژانی دواتر چۆتەماڵەکەی و بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکی بەدۆسیەی کوشتنی ئەوکەسە لەگەڵ بکوژدا هەبێ.

بێگومان دەستگا ئەمنییەکانی هەولێر عەلی سیاسیان ناسیوە، بەدەستگیرکردنی پەیامی ئەوەیان بەگوێدا ئەوان هەرکاتێ بیانەوێ دەستگیری دەکەن، ئەوەشیان لەبیربووە، کە عەلی و کەسانی دیکە دەیان ساڵە دژی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی کوردستان دەنگ بەرز دەکەنەوە.

دەسەڵات لە کوردستان، بەپێی میزاجی خۆی ئیدارەی دادگاکان دەکەن، واتە کەسانێك لەگەڵ ئەوان ناکۆکیان هەبێ و دژی بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتی بنەماڵە بن، ئەوان بەئاسانی دۆسیەی هەڵبەستراو و داتاشراوی بۆ دەکەنەوەو زیندانی دەکەن.

چاودێری ڕێکخراو، و وڵاتانی بیانی کاریگەری زۆری نەبووە لەسەر کارەکانی دەسەڵاتی کوردی چونکە ئەوان هەنگاوی جدی نانێن بۆ کرانەوەو تەنانەت کارپێکردنی ئەو یاسانەیش کەخۆیان پەسەندیان کردوە لە پەرلەمان.

ئێستە لە هەموو کات پرسی ئازادی و مافی مرۆڤ پرسێکی جدیە لە کوردستان، دەسەڵات زۆر بێباکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە دەکات، تەنانەت ڕەوتە پارێزگارخواز و توندڕەوەکانیش دانوویان لەگەڵ دەسەڵات دەکوڵێ و لەپاڵ (پدك و یەنك) چوونەتە پاڵیان بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر کۆمەڵگە.

کێشە سەرەکیەکەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان ئەوەیە دەنگە نارەزاییەکان، کۆ و تەبا نین، پێکەوە بە یەك پاکێج کار بکەن، تەنانەت دەسەڵات حزب و کەسانێکیشی دروستکردوە، بەناوی ئۆپۆزیسیۆنی سەرمایەدار و ئیسلامگەرا و نارِازی.

بەڵام ئەگەر دەنگە نارەزاییە حەقیقەت و هێزە ئازادیخوازەکان پێکەوە کاری هاوبەش بکەن، ئەو کۆمەڵگە تورەیەو گەنجان و ژنان کەسەرمایەیەکی گەورەن بۆ ئێستەو پاشەڕۆژ کاری باشیان پێدەکرێ و ئەنجامیشی دەبێت.

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# "ماڵی کورد" لە پەیامی بارزانی، لە یادگەی نیشتیمانی بارزانیدا!!

لەدووەم رۆژی ڕێ و رەسمی کردنەوەی یادگەی نیشتیمانی بارزانی سەرۆکی پارتی وتارێکی پێشکەش کرد و لەبەشیکی وتارەکەیدا رای گەیاند" دەمانەوێت ناو ماڵی کورد ڕێکبخرێتەوەو ئەم تەشەنوجە نەمێنێت... وە باسی لەوە کرد: ناحەزانی کورد سود لە ناتەبایی کورد وەردەگرن". داوای کرد مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی کۆببنەوە، دابنیشن و ئەم تەمومژە نەهێڵن...

بەر لەهەموو شت کردنەوەی یادگەی نیشتیمانی بارزانی، لەلایەن سەرۆکی پارتییەوە ئامانج لێی بە پیرۆز راگرتنی میژووی پارتی و بارزانییە، نەک مێژوی بەرەنگاری خەڵکی کوردستان دژی ستەم و بێمافی و سەرکوت و کە خودی بارزانی و پارتی و هیزەکانی تر دەرهاویشتە و بەرهەمی ئەم هەلومەرج و ستەمەن و ویستویانە بە پاساوی بەرگری لەخەڵکی کوردستان ببنە هاوبەشی یەک لەدوای یەکی دەسەڵاتی ناوەندی، بێ گوێدانە ناسنامەو ناوەرۆکی ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆر و ستەم گەرانەی عێراق.

ئەگەر بریار بێت یادگەی نیشتیمانی!! بۆ هەر کەسایەتیەکی داهێنەر و کاریزمایەکی دانپیانراوی مەیدان و بوارێکی دیاریکراو و جەماوەری دروست بکرێت، ئەوا کاری حزب و سەرۆکی حزب نییە، بەڵکو کاری دامەزراوە حکومی و نیشتیمانییەکانە! و ناوەندی شارەزاو سەربەخۆییە، پارتی کاری بە بریاری گشتی و خواستی سەراسەری و بریاری دامەزارووەیی نییە و چونکە بەدوای ئەوەوەیە پێگەی پارتی بەهەر ڕیگایەک بووە گەورە بکات و هەژموونی خۆی و بریارە حزبی و بنەماڵەیەکانی دابسەپێنێت و رەمزو سەرکردەکانی بەوێنەی رەمزو رابەری خەڵکی کوردستان وێنا بکات. هەر لەو پێگەیەشەوە، سەرۆکی پارتی لێدوانی خۆی کردویەتی بەدوو زۆن و دوو دەسەڵات و دوو جغرافیا و دوو هەرێم لە یەک هەرێمی دیاریکراودا. گومان لەوەدا نییە، ئەوەی کە هەرێمی کوردستانی کردووە بە دوو زۆن و دوو جغرافیا و دوو قەڵەمرەوی سیاسی پارتی و یەکێتین و شەڕ و ململانێی دەسەڵات هۆکاری سەرەکیەتی، کەچی سەرۆکی پارتی و بۆ شان خاڵی کردنەوەی شەخسی خۆی و پارتەکەی لەم دۆخە داوا لە پارتەکەی خۆی و هاوبەشە میژوویەکی لە دەسەڵات دەکات، ماڵی کورد!! ڕیک بخەن!!.

لەدنیای واقعیدا جگە لە تەبایی و پارتی و یەکێتی و ریزەکانی خانەوادەی بۆرژوازی کورد، کە دەکرێت ناوی ماڵی ماڵداری کوردی لێبنرێت بەو لۆژیکەی کەخۆیان دایان ناوە، شتیک نییە بەناوی ماڵی کوردەوە... کوردستان و هەرێمی کوردستان وەکو هەموو کۆمەڵگەیەکی ئەم سەردەمە کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە، لەلایەکەوە بۆرژوازی و سەروەتمەندەکان و کۆمپانیا و



> **لەدنیای واقعیدا جگە لە تەبایی و پارتی و یەکێتی و ریزەکانی خانەوادەی بۆرژوازی کورد، کە دەکرێت ناوی ماڵی ماڵداری کوردی لێبنرێت بەو لۆژیکەی کەخۆیان دایان ناوە، شتیک نییە بەناوی ماڵی کوردەوە... کوردستان و هەرێمی کوردستان وەکو هەموو کۆمەڵگەیەکی ئەم سەردەمە کۆمەڵگەیەکی چینایەتییە، لەلایەکەوە بۆرژوازی و سەروەتمەندەکان و کۆمپانیا و حزبەکانیان، و لەلای بەرامبەریش چینی کریکار و جەماوەری ستەم لێچووی دەستی بۆرژوازی کورد و کۆمپانیاکانیانە... ئەم دوو ئۆردووە کە بەرامبەر بە یەکتری وەستاون و میژووی ململانیی واقعی کوردستانن، هەرگیز ناکرێت وەکو "ماڵی کورد" و " بەرژەوەندی هاوبەش" و چارەنووسی هاوبەش تەماشا، بکرێن...**

حزبەکانیان، و لەلای بەرامبەریش چینی کریکار و جەماوەری ستەم لێچووی دەستی بۆرژوازی کورد و کۆمپانیاکانیانە... ئەم دوو ئۆردووە کە بەرامبەر بە یەکتری وەستاون و میژووی ململانیی واقعی کوردستانن، هەرگیز ناکرێت وەکو "ماڵی کورد" و " بەرژەوەندی هاوبەش" و چارەنووسی هاوبەش تەماشا، بکرێن.

سەبارەت بە دۆخی سیاسی عیراق و پەیوەندی هەرێم و بەغدا و هەلومەرجی سیاسی کوردستان دا و داوای کرد، کورد ناو ماڵی خۆی ریک بخات!!.

سەرەتا پرسیار ئەوەیە سەرۆکی پارتی کە خۆی لە هەرەمی دەسەڵات و کەسی یەکەمی هیزی زۆنی زەردە و بڕیار بەدەستی یەکەمی بێ رکەبارە، داوا لەکێ دەکات ماڵی کورد!! رێک بخەن؟ و ئەوە کێیە ماڵی کورد!!ی شیواندووە و لیکترازاندووە، دیارە ماڵی کورد! لە ڕوانگەی بارزانی بۆرژوازی کوردەوە، تەبایی و ریکەوتنی حزبە سیاسیەکانە بەشیوەی گشتی و پارتی و یەکێتیە بە تایبەتی. وە لە دۆخی ئیستاداو بە لۆژیکی پارتی و ریکخستنی ناو ماڵی کورد!! شوێنکەوتنی پارتی و سیاسەتەکانیەتی و لادان و سەرپێچی لە سیاسەت و ئەجندای پارتی بەمانای تیکدانی ناو ماڵی کوردی دێت. بۆ یەکێتیش ناو ماڵی کورد!! یانی بەشداری پیکردنی یەکێتی لە دەسەڵات و بڕیاری سیاسی و هاوبەش لە تالانی دەسترەنجی چینی کریکار و قوتی هاوڵاتیاندا.

چینی کریکار و جەماوەری بیدەرەتانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا بەشیکیان دابەشی سەر ئەو هیزانە بوون، یان لەژێر هەژموونی دۆخی سیاسی و نادیاری ئایندەی سیاسی کوردستان و میژووی بەرامبەرکیی لەگەڵ دەوڵەتە مەرکەزیەکان و کاریگەریی دریژ مەدوای ستەمی نەتەوایەتی، بە بەرژەوەندییە بنەرەتیەکانی خۆیان وەکو پیویست ئاشنا نین، بەڵام گومان لەوەدا نییە هەموو کرێکار و هاوڵاتیەکی بیبەشکراوی هەرێمی کوردستانی ناو "ماڵی کورد" ئاشنان بەدوو دنیای جیاواز... دنیای نەبوونی و برسێتی و بیمافی و نابەرابەری و سەرکوتی زوربە لەلایەک و دنیای ژیانی شاهانەی کەمایەتیەکی کەمی مفەتەخۆری تەسەل و نۆکەر پیشەی سەرمایەدار، کە بەچنگ و ددان بەرگری لە دۆخی ئیستا دەکەن و دەیانەوێت گوشارەکانی دەرەوەیان لەسەر لابچیت تا لەسەر خوێنی و ئارەقەو ماندووبوونی چینی کریکار و جەماوەری بیبەش دریژە بە ژیانی شاهانەو کۆمەڵگەی چینایەتی ئیستا بدەن، تەنانەت ململانێیان لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزی و خۆ هەڵواسین بە پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانیش هەر بۆ ئەوەیە ئەم دنیای نابەرار و زاڵمانەیە بێ گرێ کوێرەو کۆسپ بەشیوەی ئاسایی بکەنە نۆرمی کۆمەڵگە و ناو "ماڵی کورد".

ئەو دۆخەش کە پارتییەکەی سەرۆک بارزانی و یەکیتی و هیزەکانی تری ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد بە قەومی و ئیسلامیەوە دروستیان کردووە و خەڵکی کوردستیانیان خستۆتە ناو دۆخێکی یەکجار سەختی ژیان کردن و نائاسایی راگرتنی هەرێم و نادیاری ئاییندەی سیاسی و کردنی خەڵکی کوردستان بە سەرمایەی ململانیی سیاسیان لەگەڵ بەغدا بۆ ئامانجەکانی خۆیان، هیندە سیاسەت و کارنامەیەکی قێزەونە، کە سەرئەنجام باجەکەی دەدەن.

خەڵکی کوردستان... کیشەی سەرەکی لەگەڵ هیزەکانی ناو"ماڵی کورد" هەیە. ئەگەر ناو "ماڵی کورد" لێکترازەو و ناتەبایە... هۆکارەکەی لەسەر وەڵامدانەوە بەخواست و ویستەکانی جەماوەری کوردستان نییە، بەڵکو لەسەر تالانی و دزی و دەسەڵاتە بەسەر خواست و ویستەکانی خەڵکی کوردستاندایە... ناو"ماڵی کورد" بەرەیەکە ئەگەر تەبا بن یان لێکترازو، هیچ لەو راستیە ناگورێت کە لەدژی خەڵکی کوردستانن و چەند دەهەی رابردوو کارنامەی هیزەکانی ناو "ماڵی کورد" بەشەر و ئاشتیەوە، بە هاوبەشی و بەجیاجیا ئەزموون کراوە. خەڵکی کوردستان تەنها بە تیکدان و راماڵینی ئەوەی ناوی نراو "ماڵی کورد" دەتوانن ئاییندەیەکی تر بنەخشیێنن... لەو راستایەشدا بزوتنەوەی نارەزایەتی بۆ ساتیک چییە هەدا نادات و بەسەرئەنجامی خۆش دەگات...

**عەبدوڵا مەحمود**

> **دیارە ماڵی کورد! لە ڕوانگەی بارزانی بۆرژوازی کوردەوە، تەبایی و ریکەوتنی حزبە سیاسیەکانە بەشیوەی گشتی و پارتی و یەکێتیە بە تایبەتی. وە لە دۆخی ئیستاداو بە لۆژیکی پارتی و ریکخستنی ناو ماڵی کورد!! شوێنکەوتنی پارتی و سیاسەتەکانیەتی و لادان و سەرپێچی لە سیاسەت و ئەجندای پارتی بەمانای تیکدانی ناو ماڵی کوردی دێت. بۆ یەکێتیش ناو ماڵی کورد!! یانی بەشداری پیکردنی یەکێتی لە دەسەڵات و بڕیاری سیاسی و هاوبەش لە تالانی دەسترەنجی چینی کریکار و قوتی هاوڵاتیاندا...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



پرسی ژن

؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# پێگەی ژن لەفیلم و دراماکاندا "

نوسینی/د. هەتاو حمەصالح

هونەر و سینەما وەک باشترین ئامرازی ئاڵوگۆڕکردنی کلتوری نەتەوە جیاوازەکان دادەنریت، بەهۆی فیلمە جیهانیەکانەوە خەڵکی ئەمرۆ شارەزای زۆرێک لە کلتور و زمان و هەڵسوکەوتی میللەت و نەتەوەکانی دەوروبەروبەر و جیهان بووە.

ئایا ڕۆڵی فیلم و سینەما جیهانییەکان چۆن وینای ژن دەکەن؟ چ جۆرە ڕۆڵێک دەدرێت بە ئافرەت؟ ئایا ئەو رۆلانە لە ئاست بەرەو پێشبردنی کار و پێگەی ژندایە؟ گەر سەیرێکی ئامادەبوونی ئافرەت لەنێو هونەردا بکەین دەبینین ئامادەبییەکی ئێجگار زۆری هەیە، بەڵام ئایا هەموو ئەو ئامادەبوونە بە شێوەیەکی ئیجابی بۆ ئافرەت و ڕۆلی لەکۆمەڵگەدا هەژمار دەکرێت؟ بێگومان نەخێر، چونکە ڕۆڵی ئافرەت لەو نێوەندەدا لەگەڵ ئاستی بەرەوپێشچوونی ئافرەتدا لەبوارە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا نییە، (وەک دەبینرێت ئافرەت لە زۆر بواردا، زانستی و پزیشکی و ئەندازیاری فێرکاری □□..هتد هەنگاوی باشی بریوە). لێرەدا ناکرێت بلێین هەموو ڕۆڵی ئافرەت لە فیلم هونەردا ڕۆلێکی نیگەتیفانە بووە، چونکە کەم تا زۆر ڕۆڵی بەهێزیشی پێدراوە، بۆ نمونە ڕۆڵی ژن بەرادەیەکی باش بەهێزترە لە سینەمای ئیرانیدا، لەگەڵ ئەو سانسۆرانەی لەسەر فیلمی ئێرانیە، بەڵام پێشکەوتنی زۆر بەخۆیەوە بینیەوە، ساڵانە 80 فیلم بەرهەم دەهێنێت و لەڤیستیڤاڵی نیودەوڵەتیەکاندا کێبرکێی سینەما جیهانیەکان دەکات و زۆرجار خەلاتی یەکەمی دەبەنەوەو جاروباریش پێش میسر و تورکیاش دەکەون، لەگەل ئەوەشدا لەسینەما و درامای ئێرانیدا ئافرەت زۆر بۆ مەبەستی اغراو بەکارناهینریت تارادەیەک ڕۆڵی بەهێزتری پێدراوە وەک ئەوەی لەتورکیا و میسردا هەیە.

بەدەر لە باسی سینەمای ولاتان ئایا بە گشتی فیلم و دراماکان چ وێنەیەک بۆ ژن نمایش دەکەن؟

سەرەتا پێویستە بلێین ئەگەر بوویسترایە دەتوانرا بەهۆی فیلم و هونەر و دراما و سینەماوە کاری گەورە لەسەر پێگەی ئافرەت بکرێت لە کۆمەلگەدا. دەکرا فیلم و دراما بکرابا بە ئامرازیک بۆ گۆرینی ئەو شێوە تەقلیدیەی کەئافرەتی پێ دەناسریت، دەکرا گۆڕانکاری لەو ڕێگەیەوە دەستەبەر بکرابایە، چونکە ئەو فیلم دراماکان ئیستا میوانی هەموو مالێکن و زۆرترین پێشوازیان لێکراوە. بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی فاکتەری قازانج و بزنس ئامانجی سەرەکی بەرهەمهینەرانی فیلم و دراماکانە، ڕۆڵی ئافرەت بەدریژایی مێژووی سینەمادا لەخزمەت بەرەو پیشبردنی دۆزی ئافرەتدا نەبووە، زۆرترین کارەکان خۆی لەنمایشکردنی جەستە و وروژاندن و پاشان خستنەرووی واقعێکی دواکەوتووی ئافرەت بینیوەتەوە، گرفتی میدیای ئێستا ئەوەیە کەزیاتر بۆ وەرگرتنی قازانج کار دەکات، وەک دەبینین بەردەوام باس لە بڕی قازانجی فیلمەکان و ڕادەی بینەریان دەکرێت، گومانیشی تیدا نییە کەفاکتەری وروژاندن و جەستەو ئەکشن هۆکاریکی گەورەن بۆ زیاتر ڕەواجی فیلمەکان. هەرچی دراماکانیشە هەمان ئامانجیان هەیە، هەمیشە لەگەل واقعێکی دواکەوتووی کۆمەلگە کاردەکەن و ئیش لەسەر حازردەکەن و ئەگەر بیشیانەویت بیگۆرن بۆ شێوەیەکی زیاتر وروژینەر دەیگۆرن. لەبری ئەوەی تەلەفزیون و سینەما شۆرشێک بۆ ژن درووست بکەن و رزگاری بکەن لەو شێوە نەهامەتیە کەواقعی کۆمەڵگە بەسەریدا چەسپاندووە، کەچی دەبینین زیاتر کار لەسەر زەقکردنەوەی دیاردە دواکەوتووەکانی کۆمەلگە دەکەن و وێنایەکی خراپتر بۆ ژن دروستدەکەن، وەک دەبینین زیاترین ڕۆڵەکانی بریتین لەبوونی وەک کەسێکی ئاژاوەگیر، چەنەباز، شاتەشاتکەر یان بابەتیک بۆ چێژ وروژاندن و جەستە، هەریەکە لەمانەش وێنەی زەعیفی و بێ متمانەیی ئافرەت دەردەخەن.

سەرەرای ئەوەش زیادەرۆیی کراوە لەخستنەرووی توندوتیژی بەتایبەت توندوتیژی سێکسی، کەئەمەش ئاسەوارێکی زۆر خراپی لەسەر کچان و ژنان دەبیت و زیاتر بی متمانەییان لا درووست دەکات، بەجۆریک کەوا بزانیت هەرچی لەدەرەوەیە هەموو لە مەلاستدان بۆ ئەوان وەک ئەوەی لە فیلمەکاندا دەردەکەوێت. بێگومان ئامانجی گشتی لەمەدا بازاڕگەرمی فیلمەکەیە، ئاشکرایە تاوەکوو و سێنسی وروژینەر و جەستە زیاتر زەق بکرێتەوە، دیارە لەهەر فیلمکدا ئەو مشاهدانە زۆر بێت ئەوا ئەو فیلمە پرفرۆشتر دەبێت، هەرچەندە لەم ڕووەوە بەدەیان و سەدان ڕەخنە لەو ڕۆلە سەلبیانەی کە بەژن دەدریت لە سینەما و دراماکاندا گیراوە، بەڵام تائیستاش ڕۆژ بەڕۆژ بەرهەمهێنانی ئەو فیلمانە لەزیاد بووندایەو هیچ گرنگیەک بەو هاوار و رەخنانە نادرێت, بیگومان لەم رووەشەوە زۆرترین رەخنە ئاڕاستەی سینەمای تورکی میسری، لە ڕۆژئاواش ئاڕاستەی هۆلیودی ئەمریکی کراوە. بۆ نمونە لەسەر سینەمای عەرەبی 23 توێژینەوە کراوە، لە کۆتاییدا دەرکەووتووە هەموو ئەو فیلم و درامایانەی پێشکەش دەکرێن لە 78. % کاریگەری نیگەتیفی هەبووە لەسەر ژن و وینەی ژن لە کۆمەڵگەدا.

خۆ ئەگەر بێینە سەر باسی دراما و کورتە فیلم و کوردیانەش بکەین کە لەتەلەفزیۆنە کوردیەکانەو پێشکەش دەکرێت، دەبینین ئەوان ئاستی تەواو خوارەوەن، ئەوەی ئیستا بەناوی هونەرەوە پیشکەش دەکریت، لەلایەکەوە گاڵتەکردنە بە ئافرەت و لە لایەکی دیکەشەوە بەهونەر خۆی، هەندێ لەو فیلم و کورتە تەمسیلیانەی ئێستا هونەری کوردی بەدەیان ساڵ گەڕاندوەتەوە بۆ دواوە، لەمەسەلەی ئافرەتیشدا ئەوەی کە ئیستا ئەوان نمایشی دەکەن ئافرەتی کورد زۆر دەمێکە ئەو هەنگاوانەی بریوە، زۆربەی بگرە هەموو ئەو رۆلانەی کە کورتە قیلم و دراماکانی کوردیدا پیشکەش دەکریت، ئافرەت خۆی دەبینیتەوە لە کەسێکی نەخویندەوارو بێدەسەڵات و شاتەشاتکەرو هیچ نەزان خۆش باوەر، ئەوەی ئیستا نمایش دەکریت ناکرێت ناوی لێبنریت هونەر، بەڵکو تەنها گاڵتەجاریەکەوە دەیەوێت ئافرەت و ڕۆلی ئافرت سووک بکات لە نیو کۆمەڵگەی کوردیدا.

گرفتی لەچیدایە کاتێک میدیا بەرپرسیار نەبیت و ئەم جۆر نمایشانە پەخش بکات.

- سەیرکردن وویناکردنی ئافرەت بەو جۆرەی کە بەردەوام نمایش دەکریت.
- بە لاڕێدابردنی بیروهزری خەڵکی بۆ شتی لاوەکی و، گوێنەدات بە بابەتە هەنووکەییەکان.
- زۆر دووبارە بوونەوەی سێنسی توندوتیژی بە جۆریک خەڵکی فێری توندوتیژی دەکات بە تایبەت بەرامبەر بە ئافرەت.
- توشبوونی دڵەراوکی لای ژنان بەتایبەت کچانی تازە پێگەیشتوو، هەمیشە لەش ولاری خوی بەراورد دەکات بە ئەکتەرانەی کە کاریان تەنها پیشاندانی جەستەیە..
- لاساییکردنەوەی هەڵسوکەوت تەنانەت شێوازی ئەکتەرکان و، بۆ ئەم مەبەستەش ئەجامدانی چەندین نەشتەرگەری جۆراو جۆر تاوەکو شێوەو جەستەیان وەک ئەو ئەکتەرانەی لێبیت.

لە کۆتاییدا دەڵێین، ژن بەپێی ئەو پێشکەوتنەکەی کە هەنگاوی ناوە لایەنە کۆمەڵایەتیەی زۆر نەگۆڕاوە، بۆنمونە لە ڕووی زانستیەوە ژنان هەنگاوی باشیان ناوە دەتوانم بڵێم ئافرەتی دکتۆر ئەندازیارو مامۆستا و پاریزەرو □.هتد، ڕیژەیان لە پیاوان کەمتر نییە، بەڵام بۆچی لەڕووە کۆمەڵایەتیەکەوە گۆرانکاری کەم دەبینرێت، دەتوانین بلێین ویناکردنی ژن بەو شیوە لاوازەی کە لە فیلم و دراماکاندا هەیە کاریگەری گەورەی هەبووە، تێروانینی لاواز بۆ ئافرەت تۆخکردنەوەی، کاریگەری هەبووە لەسەر کاری سیاسی و ئیداری ژنان و بەدەگمەن ژنان دەبینیت ژن لە ناوەندی بڕیاردا هەبێت. لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ژن ئێستا لە ئاستێکی زۆر بەرزترن زۆر هەنگاویان بڕیوە و، لە زۆر بواردا جێگە دەستیان دیارە، بەلام فیلم و دراماکان نەیانتوانیوە تەمسیلی تەواوی پیگەی ژن بکەن و، ئیمەیجێکی ڕاستەقینەیان لە میشکی خەڵکیدا بۆ ژن درووست نەکردووە.

**دەتوانرا بەهۆی فیلم و هونەر و دراما و سینەماوە کاری گەورە لەسەر پێگەی ئافرەت بکرێت لە کۆمەڵگەدا. دەکرا فیلم و دراما بکرابا بە ئامرازیك بۆ گۆرینی ئەو شێوە تەقلیدیەی کەئافرەتی پێ دەناسریت، دەکرا گۆڕانکاری لەو ڕێگەیەوە دەستەبەر بکرابایە، چونکە ئەو فیلم و دراماکان ئیستا میوانی هەموو مالێکن و زۆرترین پێشوازیان لێکراوە. بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی فاکتەری قازانج و بزنس ئامانجی سەرەکی بەرهەمهینەرانی فیلم و دراماکانە، ڕۆڵی ئافرەت بەدریژایی مێژووی سینەمادا لەخزمەت بەرەو پیشبردنی دۆزی ئافرەتدا نەبووە، زۆرترین کارەکان خۆی لەنمایشکردنی جەستە و وروژاندن و پاشان خستنەرووی واقعێکی دواکەوتووی ئافرەت بینیوەتەوە ...**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر،وریای رەسام، حەکیم میرزا

# چەند شیعریکی: زانا کوردستانی

خوێندنی شێعر لە
دایکم فێر بووم
کاتێ کە شەوگاران
تەنیایی خۆی
بە گریان لە سەر ئەکرد.
٢
دەبێ ئەویندار ببین و□
ئەوینداریش بمێنین
بێ چەتر و باران
کۆێسانەکانێ کۆردستان
گۆڤاهی منن!.
٣
دڵتەنگی
م□ردنێ یەکجاری داپیرە
ئەوەندە تاڵ بوو بۆ ئێمە
ئەوەندەیش کۆژنە بوو
. بۆ باپیر
٤
بیرم زەوییێکی چوڵە،
رێنەکانیش،
لە نێوانما نالەوڕیێن.
٥
پێکەنینەکانت لە نێو ئەو غوربەتە
لە دەستم دەرچون،
چەپەر هەموو ڕووژێك لێرەوا دەڕوا
خۆزگا کۆرتە نامەیێك، بنێری.
٦
بە فرمێسك
زەوی چاوەڕوانی تێرئاو کردم.
درونی کەید
وادەی ژوانمان.
٧
کورپەێ خەیاڵم،
لەت لەت کردوتە.
کەفتار
ناوی دیکەی تەنیاییە!
٨
لەیلاکم
کە بوو بە پایز
تۆ هەنارەکان بچنەو
بووم بێرا...
دەمەوەێ شەوگاری درێژی پایز
هاوڕێ بوونی دەسەکانی تۆ بم
هەتا گەیشتن بە بەیانی
هەنار تەنانەت بەڵمەێکە...
٩
داری ئۆمرم،
برینێکی قووڵ لەپێیە
لە دەس تەوری تەنیایی
١٠
دەلاقەکان لێك کەوا
هەتا بۆنت
شار و شەقام لەبەر بکرێت و
قۆرتانن لە بیری جیهان ببات
١١
هەرکاتێك کە بێت
مانگەشەو یا خۆرەتاو؛
من شێعرەکانم
بۆ ئەو شەمعانە دەنووسم کە
لە شەڕی تەك تاریکی شەهید کران.
١٢
وشانی زۆر نێو دەمم تلۆقە کرانە
بەڵام،
تەنانەت نێوی تۆس
کە لەگەڵ هەر شێعرێك دا
دیتە دەر.
١٣
قشقەرە کە باڵی گر تەوە
سەر ڕوومە تەکانی داهۆڵ
بە بۆنەی تەنیاییەوە تەڕ بوو!
١٤
خەمبارییەکانم هەڵواسیوە!
کاتێ تۆ هەیت
ئەم دڵ تەنگیەم کە وەکوو جلێکی
هەراو وایە دەر دێنم...
١٥
هەموو شەوێ
شێعرەکانم ماچ ئەکەم!
بەو هیوایە
کە لە بەر خۆتەوە بیڵێ یتەوە!
١٦
دەمم وەك چەکێك
ئامادەیە بۆ
لەسەریەك ماچ کردنت...
تا ماچت نەکەم چەکەم دانانم!
١٧
شاعرێکی بێدەسەلاتم،
کە شێعرەکانم
شیاوی خۆشەویستی تۆ نییە!
١٨
هەست ئەکەم
خەم باڵندەی ێکی تەنیایە،
لە خەمی جووتەکەی،
ماتەمبار
کە نێوانی دوو کۆچ،
باڵی بێهێز کردووە.
١٩
عەقرەبەی کاتژێرەکەم
لە ژێر ژەنگی زۆر
خەوی لێکەوتووە...
لە ماڵێکدا کە چاوی تۆ هەڵنایت
تێپەڕبوونی کات واتایەکی نییە؟



# تەرمی مەرگ لە پەنجەرەی سبەینێدا

## نووسینی: جەمال نوری

دەقی شیعری (سبینێ و مەرگ) یەکێکە لەو دەقە شیعریانەی تر کە بەرخورد لەگەڵ مەرگا دەکات، وەک زۆرێکی تر لەو شاعیرانەی کە مەرگیان تەوزیف کردوە لەناو دەقە شیعریەکانیاندا، بەڵام دەبێ ئاگامان لەو حاڵەتەش بێت هەر شاعیرەو خاوەن دیدگاو دنیابینیەکی تایبەت بەخۆی هەیە بەتایبەت بۆ چەمکی مەرگ، هەر شاعیرەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە فکری و باریفییەی لەپشت دەقەکانیەوە خۆی حەشارداوە.

چەمکی مەرگ بۆ نوسەرو شاعیران، لەوبوعدە فکریەوە سەرچاوە دەگرێ، کە شاعیرەکە تەمەنێکە خۆی تیادۆزیەوەتەوە کاری لەسەر دەکات، لای زۆرێک لەشاعیران مەرگ ئەو مەترسیە گەورەیەیە کەدواجار کۆتایی بەژیانی دەهێنێ و لەئاستیدا هیچی بۆ ناوترێ، لای هەندێکی تر مەرگ ئەو حاڵەتە کۆتایەیە کە نوسەر لەرێگای تەریقەت و عیرفانەوە لەچاوەڕوانی مەرگدا ڕادەوەستێ و دەخوازێ مەرگ لەدەرگای بدات و پێشوازی لێ بکات، وەک لای "حەلاج".

ساتی گەشتنی مەرگ، ئەو ساتەیە کە ڕۆح لەو زیندانە کۆت و بەندیە ڕزگاری دەبێ وسەربەست وئازادانە ،لەشەقەی باڵ ئەدات، واتە لای متەسەوفەکان وەک ئیبن عەرەبی و بایەزیدی بستامی و مەولانا و حەلاج مەرگ ئەو حاڵەتەیە کە ڕۆح دەرفەتی ئەوەی باشتر بۆ دەرەخسێ بگاتە فەنابوون و توانەوە لە نوروئیشراقی مەئشوقدا. واتە تەوزیفکردنی مەرگ و دووبارە داڕشتنەوەی ئەم چەمکانەو بەخشینەوەی مانای (مەجازی) بە (مردن و ژیان) دەبێت لەمەدلولەکانیانەوە بیخوێنینەوەو لێی تێبگەین.

لای "کاروان سدیق" (مەرگ) بوعدێکی بونیەوی هەیەو لەدنیابینیەکی وجودیەوە لە مەرگ دەڕوانێ، کەلای ئەو دۆخێکی کەینونەی بەخۆوە بینیوە، وەک هاوکێشەیەکی فیزیکی بەم شێوەیە، بوون لە سروشتدا، خۆی لەژیانێکی بوون و نەبوون دا دەبیێتەوە، واتە مەرگ و ژیان، واتە مەرگ لەم دەقە شیعرەی کاروان سدیق دا پەیوەستە بە ڕامانێکی فکری و بونیادیەوە، کەلای ئەو دوای نەمانی و مردن بەشێوە ئۆرگانیەکە شیتەڵ دەبێتەوە بۆ ماتریال و مادە و گەردیلەکانی تری ناو بوون و سروشت، کە پێویستی بەو بەشە ئۆرگانی و فسیۆلۆجیانەی جەستەی ئەو دەبێ، وەک لێرەدا بەڕوونی ئاماژەی بەم حاڵەتە فەسلەجیە ئۆرگانیەی دوای مەرگ دەخاتە ڕوو و دەڵێ:

سبەێنێ دێ ..
دەست لەملی مردن دەکەم
وەک مردنی ئەو دارانەی..
لەدارستانی خامۆشا..

کاروان لەم کۆپلە شیعرەیدا، چۆتە ژێر کاریگەری شاعیرانی خاوەن فکری بوونگەرا وەک (حسین مردانی) شاعر، کە حسین مردان بۆ خۆشی کاریگەریی بودلێری شاعیری لەسەر بووە، "حسین مردان" ئاوها چەمکی مردنی تەوزیفکردوە:

انا اعرف نهايتى
غدا ساموت بسكون
كما تموت الاشجار القديمه
فئ اعماق الغابات،
ساموت و الى الابد

واتە لێکچونێک دەبینین لەنێوان ئەم دوو کۆپلە شیعرەدا، هەڵبەتە وەک ئاماژەم پێکرد لەبەرئەوەی سەرچاوەکەی هەردوو شاعیر یەک فکری بونگەرایی وجودییە، لەبەرئەم پاشخانە فکریەیە هەردوو شاعیر دنیا بینیان دەچێتەوە سەر یەک ئاڕاستەی ژیان و لە شێوەی نوسین و زمانی شیعری هاوئاهەنگیەک ببینێرێ.

مرۆڤ نابێت مەحکومی چارەنووس ببێت، نابێت لەپێناوی مردنا بژیت ئەمە هەم هەڵگری فەرمانێکە هەمیش پەیامێکە بۆ مرۆڤ، لێرەدا تێدەگەین شاعیر دەیەوێت بڵێ مرۆڤ دەبێت بمرێت و لەبیردەچێتەوە وەک لەکۆتایی شیعرەکەیدا دەڵێت:

وەک مردنی ناخودایەک
لەسەرپشتی کەشتی شڕا
لەشەپۆلی کەفو چڕا..
کەشتی ئەشکێو ..
تەرمەکەشی ڕووەو کەنار..
ئەکەوێتە گۆڕستانی ون و نادیار.

سەرئەنجام دەبێت ئەوپرسیارە فەلسەفییە بکەین داخۆ مرۆڤ، خۆی چییە و بۆچی هاتووە تەبوون ئەگەر لەپێناوی مردنێکی بێ سەروشوێن ژیابێ..

سبەێنێ دێ..
دەست لەملی مردن دەکەم
وەک مردنی ئەو دارانەی..
لەدارستانی خامۆشا..
بەتەوری ڕق دەبڕێنەوە..
بۆ ناو کولبەی ساردو سڕی..
خانمێکی سەگ لەباوەش،
بەپشتی کوڕ دەبرێنەوە
وەک مردنی گوڵێکی زەرد..
لەپی دەستی پڕلەبون و..
پەنجەیەکی بۆیەکراو،
بۆ لا سەری دەمکاتەوە..
بەچڵێ پوش..
دەینێتە سەر پێڵوی چاوی..
لەبیر خۆیم دەباتەوە
سبەێنێ دێ
دەست لەملی مردن دەکەم
وەک مردنی
زەڕنەقوتەی پاساریە،
لەناولەپی منالێکا
وەک مردنی ناخودایەک
لەسەرپشتی کەشتی شڕا
لەشەپۆلی کەفو چڕا..
کەشتی ئەشکێو ..
تەرمەکەشی ڕووەو کەنار..
ئەکەوێتە گۆڕستانی ونو نادیار.

**کاروان سدیق 1987 سلێمانی**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# تۆمەتبارانی جینوساید و ئەنفال و سەرکوت... دەبێ ڕاکێشی بەردەم دادگاو لێپرسینەوەی یاسایی بکرێن!

تاوانەکانی ڕژێمی بەعس لەدژی خەڵکی ئازادیخواز و نارازی لە تەواوی عێراقدا لەکەس شاراوە نییە. کەم ڕژێم و سیستەمی سیاسی هەیە هێندەی بەعس درندەو سەرکوتگەر بووبێت... لەماوەی ٣٥ ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتدارێتیەکەیدا، هەرچی لەدەستی هاتووە، لە سەرکوت، زیندانی، ئیعدام، ڕاگواستن، کیمیاباران، ئەنفال،... بۆ پاراستنی دەسەڵاتی تاقانەی خۆی و وەستانەوە بەرووی نەیارانی سیاسی و ئازادیخوازیدا، بەدەستیەوە گرتووە. لەو نێوەدا قوربانیانی دەستی ئەم ڕژێمە بە سەدان هەزار ئینسانن، لەنێو ئەو قوربانیانەی دەستی بەعس و هاوشێوەکانیدا لەعێراق و کوردستاندا، تاوانی سەرکوت و ئیعدام، ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و بۆمباباران، بەرجەستەترین تاوانن کەدژی خەڵکی عیراق و بەتایبەیش دژی بەخەڵکی کوردستان ئەنجامی داون... تاوانەکانی بەعس بەجۆرێکە، کە کەم خێران هەیە قوربانیەک تان چەند کەسێکی نەبووبێتە قوربانی دەستی ئەم ڕژێمە نەگریسەی سەرمایەداری.... لەو نێوەدا بەجیا لە قوربانیانی ململانێ و نیوان هێزە سیاسییە بۆرژوازییە عێراقی و کوردیەکان لەگەڵ بەعس، هاوکات ژمارەیەکی یەکجار وەکو سەرۆک "جاشەکان"!!، مەفرزە خاسەکان، فەوجەکان و دەیان سەدان سیخور و چاوساغ و ئەمن و ئیستخبارات هەن، زۆر بەشدار و هاوکاری بەعسیان کردووە لە ئەنجامدانی تاوانەکاندا و تۆمەتبارن. بەدوای کەوتنی ڕژێمی بەعسدا، دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق فەرمانی بۆ دەستگیکردنی ئەو سەدان کەسە دەرکردووە کە تۆمەتباران، کەچی بەشی هەرەزۆریان نەک نەدراونەتە دادگاو لیپرسینەوەی یاسایی، بەڵکو ژمارەیەکی زۆریان خانەنشین کراون، ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کراون و هاوکاریان کراوە، لە ریزی حزبەکاندا بەرپرسیاریەتیان دراوەتی...تاد. حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لێبوردنی بۆیان دەرکردووە، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە کەس و کاریان قوربانیان لێیان خۆش بووبن، یان بەمانای ئەوە نایەت کە لەلێپرسینەوەی یاسایی نایانگرێتەوە، بۆیە هەموو ئەوانەی تۆمەتبارن پیویستە لیکۆڵینەوەو لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت و بەسزای یاسایی خۆیان بگەیەنرێن.

ئەمانەی لەخوارەوە ناویان هاتووە، ئەو سەدان موستەشار و سەرۆک جاشانە!!ی کە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە و تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

ئیستا کاتی ئەوە هاتووە، کەکەسوکاری قوربانیانی دەستی ئەم تۆمەتبارانە و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و دادوەران و هەموو ئەو ئینسانانەی بەدوای داد و بەرگری لە یاسا دەکەن، گوشاری گەورەی ناوخۆیی و دەرەکی دروست بکەن بۆ پەلکیشکردنی تۆمەتباران بۆ بەردەم لێپرسینەوەی یاسایی...

ناوەکان:

1.محمد کریم شوش زێباری
2.خورشید أسعد رسول
3.خچر عبدالله حسین
4.خالد شیخۆ مراد
5.خالد قاسم محمدأمین
6.حمود عمر صالح تاج الدین میرنی
7.حلمی سعید قادر محمد جاف
8.حسین خچر حمد
9.حسین حمه فتاح قادر
10.نامق رقیب سورچی
11.عاصف احمد زیباری
12.عبدالکریم محمد سلیم شوش زیباری
13.عبدالله کاک امیر(عەبە کەرکوکی)
14.عبدالله حسن صالح بابان
15.عدنان عبدالله نجم الجاف
16.اسماعیل محمود رسول ئاغه پشدری
17.اسماعیل عزیز ئاغه زنگەنه
18.أحمد بیجۆ
19.أحمد جبار جباری
20.محمد جوهر گۆران
21.کمال محمد حیدر(کمال شمه)
22.کمال حمه مام سورانی
23.کامران أحمد(کامران سور)
24.محمد شێخ عبدالکریم برزنجی
25.عمر حاجی بادینان
26.علی لوت ماسی
27.عمر خچر حمد سورچی
28.فۆاد کریم بایز هموند
29.فارس محمد قادر عزیز سورچی
30.عادل توفیق رشید
31.عبدالله حسن صالح
32.جلال محمد عبدالرحمن هلالی
33.جلال شیخ نجم الدین کریم
34.جلال أسعد رچا چەرمەگایی
35.گرکیس حمید حیدر
36.جاسم محمد فارس محمد
37.گیب محمد عپمان (شێخ گیب)
38.عمر محمود محمد مامویی
39.محمد صادق محمد شوانی
40.عمر محمد حیدر
41.عمر مردخان جلیله
42.علی أورحمان أسعد
43.علی أحمد محمد هارونی
44.عونی حاجی مصگفی جبرائیل
45.علی عبوش عبدی غزاله
46.علی سلیمان حسین
47.علی أحمد حاجی شعبان
48.شیخ برهان
49.شیخ جلال صالەیی
50.شیخ سعاد تاله بانی
51.شیخ روناک
52.عمر حمه رستم
53.کامل شیخ هادی
54.عمر حاجی صالح
55.عبدالمجید حسین اسماعیل شیخکی
56.ملا حسن روغزایی
57.شیخ کریم شیخ شهاب
58.سید مجنون
59.شامل درویش
60.حمەی حاجی حسین
61.جبار موسی قرەهەنجیری(جیهاد)
62.جعفر عبدالکریم برزنجی
63.جمال حسین دوزیی
64.چیا سورچی
65.حجاج عبدالغفور خالد دوبەردانی
66.حسن محمود بگ امین هواری
67.حسیب محمد نجم جباری
68.مامند حمد مولود
69.محمد علی رسول
70.محمود حمه رسول ا□غا
71.نوزاد انور بیتواته
72.مام یحی(کویه)
73.أسعد سلیم حاجی ئاغا
74.أحمد کویخا رجب
75.أحمد صوفی اسماعیل صالح
76.حمه بوخجی
77.میرزا حسن
78.أنور حسو
79.محمد کاوانی
80.عمر حسن(عمر عرب)
81.سید قدرت
82.عمر صوفی
83.صلاح شینه
84.عمر اغا
85.هوشیار سلیم أحمد پاشا
86.هلگورد عبدالکریم الکسنزانی
87.نوری حسن مراد برزنجی
88.نجم الدین صالح محمد برزنجی
89.مشیر هادی حمد اغا
90.مشیر ابراهیم احمد
91.محی الدین عزیز محمد باباعلی
92.محمود حسین محمود علی
93.محمود احمد شریف غواره
94.محمد حمزه زازلەیی
95.محمد نجیب صادق بهاوالدین
96.محمد عمر امین جمیل(باساکی)
97.گاهر علی عبدالرحمن
98.محمد سلیم قادر عپمان
99.ابراهیم بالول اغا
100.عقید حمید عپمان
101.محمد شیخ معروف بیرداود
102.مجید سلیمان احمد جاف
103.کریم خان محمود خلیفه
104.قاسم کریم أحمد محمود
105.قادر محمود خلیفه عبدالصمد
106.قادر محمد رشید عبدالقادر
107.فرهاد مامند حمد مولود
108.فاتح گاهر مصگفی عبدالقادر
109.وهاب رحمان حمدأمین
110.میرزا اسماعیل شرف رچا
111.خچیر فتاح حسین گامیش
112.رسول مامند قیردولی
113.زید سورچی
114.سعید عدنان جباری
115.سعید محی الدین احمد زنکنه
116.سید رچا سید گه(سید مانکا)
117.جبار دریز
118.حاج علی نبیاوه
119.علی سلمه چوارتایی
120.اسعد جانکیز هرکی
121.محمد جوهر اسماعیل صالح
122.جوهر محی جانکیز هرکی
123.ارشد احمد الزیباری
124.محمد سعید محمود شمیرانی
125.محمد حمەامین حسین زراری
126.محمد گاهر رشید حمەامین
127.محسن محمد یاسین
128.محمد کانبی بانو اغا
129.حسین محمد عپمان
130.حمەخان داره رشید
131.یونس رمچان غواره
132.کیسری محمد سعید محمد فتاح
133.محمد حسن علی میرزا
134.تحسین شاویس سعید - مردووه
135.ابراهیم علی ملو الزوری
136.محمود حمەامین حمه صالح
137.رشید حمه امین عزیز
138.رچا گه محی الدین
139.رفعت محمد علی
140.زیرک گاهر سعید
141.سعاد فیچ الله محمد
142.عاصی حمه دیزه
143.دلسوز خچر مینه بلباس
144.فاچل مصچفی حسن برواری
145.فاروق رشید علی محمد نورولی
146.کریم عبدالله محمد
147.فتاح کریم فتاح
148.عباس حاجی اغا رسول
149.صالح احمد حسین
150.جبار شیخ هادی
151.خیرالله دوزی
152.خالد محمود أحمد علی غواره
153.شیخ محمود سید گول
154.سعید قادر محمد الجاف
155.سعید احمد شیشه
156.سالار نصرالله قادر
157.خچیر رشید بحری
158.سعید غیدان (حمه سعید)
159 ڤاهر اغا کویه
160.عدنان دیسکو
161.مجید غیدان
162.گارق کاکەیی

بۆلاپەڕە 13




# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی حەڤدەهەم

# ریفۆرم و شۆرش

## ژیانی هاوبەش، خێزان، هاوسەرگیری و تەڵاق...

هەر جووتێکی سەرووتر لە ١٦ساڵ مافیان هەیە کە بە مەیل و ئارەزووی خۆیان پێکەوە بژین. قەدەغەکردنی هەرجۆرە ناچارکردن و گوشار دانانێک لەلایەن هەر کەس و دەزگایەکەوە لەسەر تاکەکان لە مەسەلەی هەڵبژاردنی هاوسەر و ژیانی هاوبەش و جیابوونەوەدا.

بۆ بەرەسمی ناسینی ژیانی هاوبەش لەلایەن دەوڵەتەوە و بۆئەوەی ئەگەر هەردوولا بیانەوێت یاساکانی پەیوەست بە خێزان بیانگرێتەوە، هەرئەوەندە بەسە کە لە سجلی دەوڵەتیدا تۆماربکرێت. سڕینەوەی هەرجۆرە مۆرکێکی دینی پەیوەست بە هاوسەرگیری لە بەڵگەنامە و دامەزراوە رەسمیە دەوڵەتیەکاندا. قەدەغەکردنی هەرجۆرە وتنەوەیەکی خوتبەی دینی لە مەراسیمە دەوڵەتیەکانی تۆمارکردنی زەواجدا. بەڕێوەبردن یان نەبردنی مەراسیمی تایبەتی، چ شەرعیو چ تەقلیدی، لە هاوسەرگیریدا هیچ رۆڵێک لە رەسمییەت پێدان و پلەوپایەی لە بەرامبەر یاسادا ناگێڕێت.

قەدەغەکردنی هەرجۆرە سەودا و مامەڵەکردنێک لە هاوسەرگیریدا وەکو دیاریکردنی شیربایی، جیازی، مارەیی و تاد وەکو مەرجێکی هاوسەرگیری.

قەدەغەکردنی فرەژنی

یەکسانیی تێکڕای مافەکانی ژن و پیاو لە خێزاندا لە مەسەلەی هەڵبژاردنی شوێنی ژیان، کاروباری پەیوەست بە سەرپەرشتی و فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵ، بڕیاردان لە بارەی دارایی و ئابووری خێزانەوە و هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە ژیانی هاوبەش. هەڵوەشاندنەوەی جێتوشوێنی تایبەتی پیاو وەکو سەرپەرشتیاری خێزان لە هەموو یاساو رێساکاندا و دانانی مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەسەرپەرشتیکردنی کاروباری خێزاندا.

مافی بێقەیدوشەرتی جیابوونەوە بۆ ژنو پیاو. یەکسانیی تەواوی ماف و ئەرکەکانی ژن و پیاو لەکاروباری پەیوەست بە بەخێوکردن و سەرپەرشتی کردنی منداڵان لەدوای جیابوونەوەدا.

یەکسانیی مافی هەردوولا لەکاتی جیابوونەوەدا لەو دارایی و ئیمکاناتەی کە لەماوەی ژیانی هاوبەشدا خێزان بەدەستی هێناوە، یان لەماوەی ژیانی هاوبەشدا هەموو خێزانەکە کەڵکیان لێ وەرگرتووە.

هەڵوەشاندنەوەی گواستنەوەی ئۆتۆماتیکیانەی ناوی خێزانیی باوک بۆ منداڵ و سپاردنی دیاریکردنی نازناوی خێزانیی کۆرپە بە رێککەوتن و بڕیاری هاوبەشی باوک و دایک. ئەگەر بە رێککەوتن نەگەیشتن، ئەوا منداڵەکە ناوی خێزانیی دایک هەڵدەگرێ. هەڵوەشاندنەوەی دانانی ئۆتۆماتیکی ناوی باوک وەکو ناوی خێزانیی و دانانی ناوی خێزانی بەپێی خواستی کەسەکە.

پشتیوانیی ماددی و مەعنەوی دەوڵەت لە خێزانە بێدایک یان بێباوکەکان و بەتایبەت پشتیوانی چالاکانە لەو دایکانەی کە جیابوونەتەوە، یان هەر لەبنەڕەتەوە بەبێ هاوسەرگیری منداڵیان بووە، لەبەرامبەر گوشارە ماددی و ئەخلاقیاتە کۆنەپەرستانەکاندا.

هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاساورێسا دواکەوتووانە و کۆنەپەرستانەی کە پەیوەندی جنسیی ژنو مێرد لەگەڵ کەسانی دیکەی جگە لە هاوسەری خۆیان بە تاوان لەقەڵەم دەدات.

مافەکانی منداڵان

هەموو منداڵێک مافی ئەوەی هەیە لە ژیانێکی بەختەوەر و ئاسودە و داهێنەرانە بەهرەمەند بێت.

کۆمەڵگا لەسەریەتی کە باشبژێوی و بەختەوەریی بۆ هەموو منداڵێک، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خێزانیی، دابین بکات. دەوڵەت لەسەریەتی ستانداردێکی چونیەک لە باشبژێوی و ئیمکاناتی گەشەی ماددی و مەعنەوی منداڵان و تازەلاوان، لە بەرزترین ئاستی شیاودا، دابین بکات.

دانی خەرجی پێویست و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و فێرکاری و کەلتووری خۆڕایی، بۆ زامنکردنی ستانداردێکی بەرز بۆ ژیانی منداڵان و تازەلاوان بێگوێدانە بارودۆخی خێزانییان.

سەرپەرشتیکردنی هەموو ئەو منداڵانەی کە خێزان یان ئیمکاناتی خێزانییان نییە، لەلایەن دەوڵەتەوە و بەخێوکردن و پەروەردەکردنیان لە دامەزراوە مۆدێرن و پێشکەوتوو و پۆشتەکاندا.

دامەزاندنی دایەنگە پۆشتە و مۆدێرنەکان بەمەبەستی بەهرەمەندبوونی هەموو منداڵان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی خێزانییان، لە ژینگەیەکی زیندوو و داهێنەرانەی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی.

یەکسانی تەواوی منداڵان لەڕووی مافەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەچوارچێوەی هاوسەرگیری یان دەرەوەیدا لەدایک بووبن.

قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منداڵان و تازەلاوانی ژێر تەمەنی ١٦ ساڵی.

قەدەغەکردنی هەرجۆرە ئازاردانێکی منداڵان لە خێزان و قوتابخانە و دامەزراوەکانی خوێندن و لەئاستی کۆمەڵگا بەگشتی. قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای سزادانی جەستەیی. قەدەغەکردنی گوشارو ئازاری دەروونی و ترساندنی منداڵان.

ڕووبەڕووبوونەوەی توندی یاسایی لەگەڵ بەدکەڵک وەرگرتنی جنسیی لە منداڵان. بەدکەڵک وەرگرتنی جنسیی لەمنداڵان بە تاوانی قورسی جینایی دەژمێردرێت.

لێپرسینەوە و سزادانی یاسایی کەسانێک کە بەهەر جۆرێک و بەهەربیانوویەک ببنە رێگر لەبەردەم بەهرەمەندبوونی منداڵان، چ کچ چ کوڕ، لە مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان، وەکو فێربوون، سەرگەرمی و بەشداریکردن لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی تایبەت بە منداڵان.

قەدەغەکردنی چەکدارکردن و پێکهێنانی رێکخراوی سەربازی بۆ منداڵانی خوار ١٦ ساڵ

**یەکی ئایار رۆژی ناوتن و رەتکردنەوەی ستەم و بێمافی هەزار سەری سەرمایەدارییە لەلایەن چینی کرێکارەوە....**



# عەلی مەولود: خەڵکی کوردستان حوکمڕانی پارتی و یەکێتییان را لێ نییەو بگرە بەتەواوی نەیارن لەگەڵی، لەوبارەیەوە دەسەڵاتدارانی هەرێمیش، بەئاشکراو لەهەموو روویەکەوە نەیاری و دووژمنایەتی خۆیان بۆ خەڵکی کوردستان نیشانداوە ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ عەلی مەولود هەڵسوڕاوی سیاسی و کۆمۆنیست، سەبارەت بە ڕادەستکردنی نەوت و ئاییندەی سیاسی کوردستان...

**بۆپێشەوە: لەو ماوانەی دوایدا دادگای پاریس لە قازانجی حکومەتی عێراقی بڕیارێکی دەرکرد، تورکیاش نەوتی هەریمی ڕاگرت تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەم بڕیارە؟ بۆ لەم کاتەدا ئەم بڕیار دەردەکرێت لە کاتێکدا شکایەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤؟**

**عەلی مەولود:** بێگومان هەر لەسەرەتای دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراقەوە، لەسەر بابەتی جۆراوجۆر، کێشەو ناکۆکی لەنێوان حکومەتی ناوەند و هەرێمی کوردستان هەبووەو تاهاتووە "نەک بەئاقاری چارەسەر" بەڵکو بەئاقاری قووڵکردنەوە "لەهەردوولاوە" کاری لەسەرکراوە. پرسی نەوت و وزە، کێشەکانی گەیاندە ئاستی ئەوەی حکومەتی عێراق بەشە بوودجەی هەرێم ببڕێت و حکومەتی هەرێمیش لەجیاتی پڕکردنەوەی نەناردنیی بودجە لەپارەی فرۆشی سەربەخۆی نەوت، ئەو دۆخەی قۆستەوە بۆ نەدان و لێبڕین و پاشەکەوت و دواخستنی موچە و ڕاگرتنی نزیک بەتەواوی پرۆژە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە بەردەستەکانی کەرتی حکومی و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بۆ کەمکردنەوەی خەرجی.

بڕیارەکەی دادگای پاریسیش لەو چوارچێوەیەدا دەڕواتە پێشەوەو دەبێتە یەکێکی تر لەئەلقەکانی کێشە "نەک چارەسەر"، ئەوەی کە فرۆشی نەوت و وزە لەڕێگای گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمەوە یان لەژێر چاودێری حکومەتی ناوەند کامیان قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانی تێدایە، وەک ئەو دارە وایە کە هەردوو سەری پیسە.

تائەوجێیەی بە فرۆشی سەربەخۆی نەوت دەگەڕێتەوە، هیچ پێویستی بە شیکردنەوەو سەلماندن نییەو لەماوەی (١٠) ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی کەمکردنەوەی بەشی خەڵک لە داهات و سامانی گشتی و پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان و سکهەڵگوشین و برسیکردن و بێکاری و هەژاری لێکەوتۆتەوە، بووە بەهۆکارێک بۆ خۆقایمکردنی ئابووری و سیاسی و سەربازی دەسەڵاتدارانی هەرێم نەک لەبەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندو حکومەتە هەرێمیەکان، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر نارەزایەتی خەڵکی کوردستان.

ڕادەستکردنیشی بە حکومەتی عێراق، ئەوسەری دیارنییەو دۆخی سیاسی و ئابووری عێراق و شەڕی بەرژەوەندیخوازانەی نێوان هەردوو دەسەڵاتی (ناوەندو هەرێم) زەمینەکانی خۆشبینیەکی وامان پێ نادات، چارەسەرێک بۆ ئێستای هەرێم بێنێتە ئاراوە، ئەگەر چارەسەرێکیش هەبێت بێشک بەرژەوەندی خەڵک دواشتە کە بیری لێبکرێتەوە. ئەوە ئەگەر حکومەتی تورکیاش بۆ خۆدەربازکردن لەو پێبژاردنەی دەکەوێتە سەری لەم بڕیارەدا بۆئەوەی بە نرخی داشکێنراو "بەوجۆرەی لەگرێبەستی ٥٠ ساڵی نێوان خۆی و هەرێمی کوردستان مسۆگەری کردبوو" نەوتی پێ بفرۆشنەوە، ڕۆڵی تێکدەرانە نەبینێت.

ئەوەی کە بۆچی لەم کاتەدایە ئەو بڕیارەی پاریس هاتۆتە ناوەوە؟ پێموایە ئەوە بەشێکە لەو گۆڕانکاریانەی لەناوچەکەدا ئەگەری ڕوودانیان هەیە، شەڕی نێوان (ناتۆو ڕوسیا و ئەمریکاو ئێران) بەشێکی کەوتۆتە ئەم ناوچەیە، کە ناوچەیەکی گەرمی ململانێکانە و لەسایەیدا هاوکێشەی نوێ و هاوسەنگی نوێ پێکدێت، لەناو ئەو گۆڕانکارییانەدا دەسەڵاتی هەرێم گوێڕاکێشانێکی پێویست بوو، وەک لەکوردەواری دەڵێن " گوێی لە کڵاو چۆتە دەرەوە" و پێیوایە ئەوەی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و هێزەکانی ناوخۆ بەکات کوشتن و بەڵێنی درۆ" بۆی دەچێتە سەر لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکومەتی عێراقیش، دەخوات و هەوڵدەدات زیرەکی بنوێنێت بۆ چوونە ناو یاریە نوێیەکانی جیهانەوە، ئەویش لەکاتێکدا دۆخەکە وادەخوازێت حکومەتی ناوەندی پشتیوانی زیاتری لێبکرێت، بەپێچەوانەی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان کە خەریکە گرنگی وای نامێنێت.

**بۆپێشەوە: سەرانی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی بەتایبەتی "مسعود بەرزانی، مام جەلال، نەشیروان مستەفا" زۆر شانازیان بە ئابوری سەربەخۆوە دەکرد، هەروەها حکومەتی هەرێم دەیویست بچێتە ناو بازنەی وزەی جیهانیەوە، پێت وایە بەبێ ئەوەی کوردستان دەوڵەت بێت دەتوانێت کارێکی وابکات؟**

**عەلی مەولود:** سەرەتا ئەوە ئابووری سەربەخۆ نەبوو، بەڵکو ئابووریەکی کۆنترۆڵکراو بوو لەلایەن سەرانی ناسیونالیستی دەسەڵاتدارەوە، درێژەی تاڵانکردنی مومتەلەکاتی دەوڵەت و سامانی گشتی و ئاودیوکردنی کەرەسەی کارگەکان و بەنداوەکان و ... تاد بوو.

هەڵبەت فرۆشتنی سەربەخۆی نەوتی هەرێم بەگوێرەی یاسا ڕێکنەخراوەو کەڵک وەرگرتن بووە لە نەبوونی یاسای نەوت و غاز لەعێراق، دەسەڵاتدارانی هەرێم لەجیاتی هەوڵی بەیاساییکردنی ئەوکارە، هەوڵیانداوە دەرچوونی یاسایەکی لەوجۆرە لەعێراقدا پەک بخەن و ماوەی ئەو بۆشاییە یاساییە تا ئەوجێیەی ئیمکانی هەیە درێژ بکەنەوە، لەو ماوەیەدا گرێبەستیان واژۆکردووەو شیرینی گرێبەستەکانیان وەرگرتووەو کۆمپانیای خۆیان خزاندۆتە ناو بازرگانی نەوت و داهاتەکەشی چووەتە ژێر چنگی حیزب و بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکان، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا و کۆمەڵێک کۆمپانیای جیهانی نەوت لێی سوودمەند بوون، نەوتی هەرێم چووەتە بازاڕەکانی جیهان و مەسەلەی نەبوونی دەوڵەتیش ڕێگریەکی درووست نەکردووە.

حکومەتی هەرێم ئەگەر وشیارانەو بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ فرۆشتنی نەوت و وزەی هەرێمی کوردستان بکردایە، دەکرا و ئیمکانی هەبوو، ئەم پرۆسەیە سەرەنجام ببێتە هۆی بووژانەوەی ئابووری هەرێم و پێگەی هەرێم زەمینەکانی بەدەوڵەتبوونیش بەهێز بکات. بەڵام ئەو کارەیان نەویست و تەواوی پرسەکەیان لە کۆکردنەوەی سامانی زیاتردا کورتکردەوەو لەو پێناوەدا یارییان بەئاگریش کرد، وەک بازرگانی لەگەڵ داعش و ریفراندۆم و هەوڵی چوونە ناو کایەی غازو سوتەمەنی ئەورووپا لەدوای جەنگی ڕووسیاو ناتۆ لە ئۆکرانیا.

**بۆپێشەوە: دوای دەرچونی بڕیاری دادگای پاریس بەشێک لە خەڵکی کوردستان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی لەم بارەیەوە،؟ دەمەوێت بپرسم بۆچی خەڵک دڵخۆشە بەم بڕیارە؟ ئایا ئەم بڕیارە سودی هەیە بۆ خەڵکی کوردستان؟**

**عەلی مەولود:** خەڵکی کوردستان حوکمڕانی پارتی و یەکێتییان را لێ نییەو بگرە بەتەواوی نەیارن لەگەڵی، لەوبارەیەوە دەسەڵاتدارانی هەرێمیش، بەئاشکراو لەهەموو روویەکەوە نەیاری و دووژمنایەتی خۆیان بۆ خەڵکی کوردستان نیشانداوە، هەر لە ژیانی کۆمەڵایەتیەوە بگرە تا سیاسەت و شێوەی حوکمڕانی و تا ئابووری. بەگوێرەی " یاسای دارستان" مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکرێت، داهات و سامانی گشتی بێدەربەستانە دەبرێت و ئاوڕ لەژیانی خەڵک

**تا ئەوجێیەی بە فرۆشی سەربەخۆی نەوت دەگەڕێتەوە، هیچ پێویستی بە شیکردنەوەو سەلماندن نییەو لەماوەی (١٠) ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی کەمکردنەوەی بەشی خەڵك لە داهات و سامانی گشتی و پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیان و سکهەڵگوشین و برسیکردن و بێکاری و هەژاری لێکەوتۆتەوە، بووە بەهۆکارێك بۆ خۆقایمکردنی ئابووری و سیاسی و سەربازی دەسەڵاتدارانی هەرێم ...**

**حکومەتی هەرێم ئەگەر وشیارانەو بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ فرۆشتنی نەوت و وزەی هەرێمی کوردستان بکردایە، دەکرا و ئیمکانی هەبوو، ئەم پرۆسەیە سەرەنجام ببێتە هۆی بووژانەوەی ئابووری هەرێم و پێگەی هەرێم زەمینەکانی بەدەوڵەتبوونیش بەهێز بکات. بەڵام ئەو کارەیان نەویست و تەواوی پرسەکەیان لە کۆکردنەوەی سامانی زیاتردا کورتکردەوەو لەو پێناوەدا یارییان بەئاگریش کرد، وەك بازرگانی لەگەڵ داعش...**

## کوردستانیش بەهەمانشێوە درێژە بە تێکۆشانیان دەدەن بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی تر کە لەسەروو هەموویانەوە گۆڕینی ریشەیی ئەم ژیانەو بنیاتنانی شێوەژیانێکی نوێیە کە ئازادی و هاوژیانی و یەکسانی بەدیبێنێت..

## لەکوردستان جگە لەشۆڕش و ڕاپەڕین هیچ رێگایەکی تر نەماوەتەوە ...

نادرێتەوە، لەهەموو رووەیەکەوە گەمارۆ خراوەتە سەر خەڵک، حکومەت بووە بە دامەزراوەی رایکردنی کاروباری حیزب و بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکان و کۆمپانیاکانیان و بۆ خەڵک تەنها سەرکوت و باج و خەراجی لێماوەتەوە.

خەڵکی کوردستان بۆ هێنانە ژێرباری ئەو دەسەڵاتە ڕێگای جۆراوجۆری تاقیکردەوە، هەر لە مانگرتن و خۆپیشاندان و نارەزایەتیەوە بگرە تا بایکۆتی هەڵبژاردن و خاڵی هێشتنەوەی سندوقەکانی دەنگدان، بەڵام بێهودە بوو، خەڵک بەتەواوی بێ هیوا و رەشبین بووە لەم دەسەڵاتەو ئەویش ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە خواستەکانی خەڵک یاخی دەبێت و ملهوڕی زیاتر دەکات، بۆیە دەرکێشانی پەروەندەی نەوت و گاز لەدەستی ئەم دەسەڵاتە بەئومێدی ئەوەی داهاتەکەشی لەدەستیان بێتەدەر، خەڵکی کوردستانی دڵخۆشکردووە. لەبەرئەوەی هەم ئەگەری زیاتری هەیە دەستی بەشایستە داراییەکان رابگات و هەم لاوازبوونی ئەم دەسەڵاتە بەدیوێکدا بە قازانجی خەباتی خۆی دەبینێت. ئەگەرچی دیار نییە ئەو دڵخۆشیە تا چەند راستی پەیدا دەکات، بەڵام هەرچۆنێک بێت هیوایەکە بۆ خەڵک و دۆخەکەش لەوەخراپتر نابێت کە تا ئێستا بەڕێوەچووە.

**بۆپێشەوە: بڕیاری دادگای فەرەنسا، رێگە لە فرۆشتنی نەوت لە رێگای دەسەڵاتی هەرێمەوە دەگرێت، ئەوەش کیشە بۆ موچەو داهاتی دەسەڵاتی هەرێم دروست دەکات... خەڵکی کوردستان دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە بکەن؟**

**عەلی مەولود:** موچەخۆرانی هەرێم خۆی بەبەردەوامی کێشەی وەرنەگرتن و دواکەوتنی موچەیان هەیە، ئەوە بووە بەبەشێک لە سیاسەتی حکومەتی هەرێم و ئامانجیش لێی کەمکردنەوەی خەرجی گشتییە، حکومەتی هەرێم ئەگەر پارەی هەموو دنیای لابێت هێشتا کۆڵ لەوە نادات کە بەپێی راسپاردەکانی صندووقی دراوی نێودەوڵەتی لەو پارەیە بگرێتەوە کە دەچێت بۆ مووچەو خزمەتگوزاریەکانی کەرتی گشتی.

سەبارەت بە نەناردنی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، پێموانیە بەو ئاقارەدا بڕوات، حکومەتی عێراق ئەوەندەی کێشەی لەگەڵ کورتکردنەوەی دەستی حکومەتی هەرێمە ئەوەندە کێشەی لەگەڵ پارە نیە، واتە کێشەکە سیاسییە ئابووری نیە، بەڵام ترسی ئەوە لەئارادایە دەسەڵاتدارانی هەرێم بەناوی پاراستنی سیادەی هەرێمەوە، یاری نوێ بکەن بۆ درێژەپێدانی سیاسەتی برسیکردن و سکهەڵگوشین.

بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسیانەو بۆئەوەی چیتر دووکەڵی ئاگری ململانێی نێوان دەسەڵاتی ناوەندو هەرێم نەچێتە چاویانەوە، خەڵکی کوردستان دەبێت لەدەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم و دابڕاو لەو، بیر لە رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری خۆی بکاتەوە، ئەوە بەمانای چاو برین لە دەستی حکومەتی عێراق و هاوپەیمانان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نییە، بەڵکو ئومێدەواربوون و پشتبەستنە بەهێز و هۆشیاری خۆی.

**بۆپێشەوە: رێگە گرتن لە فرۆشتنی نەوت لەلایەن دەسەڵاتی هەرێمەوە، تا چەندە دەسەڵاتی هەرێم سنووردار دەکات و گوشارەکانی بەغدا لەسەری زیاد دەکات؟ وە هاوکات ئەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر خەڵکی کوردستان دەبێت؟**

**عەلی مەولود:** هەرخۆی پێگەی هەرێم لەچاو پێش ریفراندۆم زۆر لاواز بووە، ریفراندۆم دەنگی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر دەسەڵاتی هەرێمدا زۆر بەرزکردەوە، نەک هەر دوورخستنەوەیان لە ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، بەڵکو لەبەغداش هاوسەنگی هێز بەزیانیان گۆڕاوە، بەدڵنیایی ئەو بڕیارەو چەند بڕیاری دیکەی دادگای فیدراڵی عێراق، لەدرێژەی ئەو بچووککردنەوەیەدا، دەستوپێی حکومەتی هەرێم زیاتر کۆدەکاتەوە.

لەڕووی سیاسیەوە ئەمە کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆی هەرێمی کوردستان دەبێت و تەنها بە بچووکردنەوەی دەسەڵات ناوەستێت. بەڵام لەرووی شایستە داراییەکانەوە، ئەگەر حکومەتی هەرێم بە راستی هاوکار بێت لە فرۆشتنی نەوت لەڕێگای سۆمۆوە، دۆخی دارایی لە ئێستا خراپتر نابێت و رەنگە بەشێوەیەکی رێژەیی باشتریش بێت، وە لەم بارەیەوە کێشەکە ئەوەندەی دەسەڵاتی هەرێمە حکومەتی عێراق نییە.

**بۆپێشەوە: داهاتی نەوت و غاز، لە عێراقیش وەکو کوردستان چینی کرێکار و خەڵکی نەدار لێی سودمەند نەبوون، هۆکار چییە بەشێک لە خەڵکی کوردستان دەیانەوێت داهاتی نەوت و غازی هەرێم بگەڕێتەوە بۆ بەغدا؟**

**عەلی مەولود:** بە گشتی ئەوە راستە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئەزمونەکان بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی لەنەستی مرۆڤەکاندا جێدەکەون و خەڵک بەشێوەی کۆمەڵایەتی و غەریزی بەرژەوەندی خۆی دەناسێتەوەو لەوبارەیەوە هەڵبژاردنی خۆی دەکات، ئەو هەڵبژاردنانە لەوانەیە دڵخوازی ئێمە نەبێت و بڕیارە راستەکەش نەبێت، بەڵام بەپێی حوکمی کۆمەڵایەتی خەڵک رەنگە باشترینی ئەوکارانە بێت کە لەدەسڕەس و توانادا هەیە، بۆیە پێموانیە ئەو خۆشحاڵیەی خەڵک هەروا دووکەڵێکی بێ ئاگر بێت.

دواتر لەکوردستان جگە لەشۆڕش و راپەڕین هیچ رێگایەکی تر نەماوەتەوە، کە ئەویش دوورەدەستەو خەڵک بۆی ئامادە نییە، جێگرەوەیەک نابینێت بەقازانجی بێت، هیچ ئومێدێکی چاکسازیش لەم دەسەڵاتە بەدیناکرێت، کابینەی نۆ بەناوی چاکسازییەوە زنجیری دەست و پێی خەڵکی "بەقازانجی سەرمایەداران و کۆمپانیاکان" توندتر کردۆتەوە، هەم لەرووی ئابووری و هەم لەرووی ئاسایشی سنوورەکانەوە خەڵک لەسایەی حکومەتی عێراقدا زیاتر هەست بەدڵنیایی دەکات، لەعێراق مووچە لەکاتی خۆی دەدرێت و نێوموچەو پاشەکەوتی زۆرەملی نەکراوە، قەرزو پێشینەکانی هاوسەری و خانووبەرەو کشتوکاڵی و ... دەدرێن، دامەزراندن هەیە، چاودێری کۆمەڵایەتی زیاد دەکات، بەڵێن بەچاکسازی هەیە بەقازانجی نەداران، ئەگەر فۆرماڵی و بەشەکیش بێت ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هەیە، ..کە ئەوانە لە هەرێم نین و خەڵکی کوردستان هیوادەخوازن لێی بەهرەمەند بن.

دیارە ئەوانە لەچاو خەونە گەورەکانی خەڵک زۆر نین، بەڵام بۆ دۆخی هەرێم گرنگن، هەروەکچۆن خەڵکی عێراق بەرەنگاری و خەبات و نارەزایەتی هەیە بۆ داخوازی و ئامانجی تر، خەڵکی کوردستانیش بەهەمانشێوە درێژە بە تێکۆشانیان دەدەن بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی تر کە لەسەروو هەموویانەوە گۆڕینی ریشەیی ئەم ژیانەو بنیاتنانی شێوەژیانێکی نوێیە کە ئازادی و هاوژیانی و یەکسانی بەدیبێنێت.

**بۆپێشەوە: چۆن دەکرێت خەڵکی کوردستان سودمەند لە داهاتی نەوت و غازی هەرێم ببن؟**

**عەلی مەولود:** تائەو شوینەی بڕیاری سیاسی لەدەستی خەڵکدا نەبێت و خەڵک بەشدار نەبن لە دیاریکردنی ژیانی سیاسی و ئابووری خۆیاندا ، زۆر دوورە سودمەند بن لە داهاتی نەوت و سامانی گشتی، بەتایبەتی حیزبەکانی "ناسیونالیست و ئیسلامی" بە دەسەلاتدارو ئۆپۆزسیۆنەوە، پرۆژەیەکیان نییە بۆ باشترکردنی ژیانی گشتی خەڵک، هەموویان هەڵپەیانە بۆ نیعمەتەکانی دەسەلات، ئەوەندەی گرێدراوی بەرژەوەندی بەرتەسکی خۆیان و ئەجێندای دەرەکین، سەدیەکی ئەوە خۆیان بە وابەستەی خواست و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نازانن، کەوایە رێگایەک بۆ باشتر بوونی ژیان و بەهرەمەند بوون لە داهات و سامانی گشتی نییە جگە لە تێکۆشان و بەرەنگاری و هەوڵدان. خەڵکی کوردستان دەبێت خەباتی وشیارانەی توندتر بکاتەوەو ئامانجدارانە رێکخراوتری بکات و شێوەیەکی دیکە لە ژیان هەڵبژێرێت کە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دابەش و پەرت بکات و هەموو بڕیارێکی سیاسی و ئابووری لەناوەندو لەلای دەوڵەت نەبێت.

**بۆپێشەوە: لە دۆسیەی نەوت و غازدا، چەپ و کۆمۆنیستەکان لەکوێی ململانێی نێوان بەغدا و هەرێمدا وەستاون و ئەلتەرناتیڤیان چییە؟ یان دەبێت چی بێت؟**

**عەلی مەولود :** چەپ و کۆمۆنیستەکان نەک هەر لەدۆسیەی نەوت و غاز، بەڵکو لە تەواوی کایەکان، لەدەرەوەی ململانێی نێوان بەغداو هەرێمن و تا ئەو شوێنەی بە ململانێی خێزانی خۆیان دەگەڕێتەوە، پێویستە هەمیشە لەدەرەوەی بمێننەوەو لەپانتاییەکی دیکەوە شوێن بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان و عێراق بکەون.

راستە بۆ باشتربوونی ژیانی گشتی و بۆ زیادکردنی بەشی خەڵک لە داهات و سامان و دەسەڵات، دەبێت چەپ و کۆمۆنیستەکان هاوکارو هاوخەباتی تێکۆشانی رۆژانەی کرێکاران و بێکاران و ژنان و لاوان و فەرمانبەران و تەواوی ستەملێکراوانی کۆمەڵگا بن و هاوچارەنووسی راستەقینەیان بن لەو ژیان و خەباتەدا، بەڵام دەبێت فۆرمێکی تر لەژیان و بەڕێوەبردن بخاتە ئیختیاری کۆمەڵگەوە، کە کۆی ژیان لەبناغەوە بگۆڕێت بە ئاقاری نەمانی چەوساندنەوەو ستەمکاری، رێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان دەبێت هەم ناوەندێک بن بۆ ئەزمونکردنی ئەو ژیانە نوێیەو وەک نمونەیەکی بەرجەستە ئامانجەکان و پرەنسیپەکان لەخۆیدا بنوێنێت، وە هەم ئامرازێک بن بۆ بەرەنگاری بەرامبەر ژیانی باو، نەک تەنها بۆ رووخاندنی دەوڵەت و گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکو بۆ گۆڕینی کۆی سیستەمی ئێستا.

## درێژەی...تۆمەتبارانی جینوساید و ئەنفال و سەرکوت... دەبێ ڕاکێشی بەردەم دادگاو لێپرسینەوەی یاسایی بکرێن!

163.صباح سورچی
164.عبدالكريم سعدى سليمان سعدى
165.عبدالله فيصل عبدالله ماوانى
166.عبدالكريم حسين خالد
167.عبدالقادر مصگفى محمد
168.عبدالرحمن عاصى عزالدين
169.حمدامين حمه شاسوار
170.حمزه عباس مامند ئاكو
171.قالەی عەزه نالبند
172.مدحت توفيق داودى
173.ملا عوزير
174.محسن كرچى رحى
175.صباح ناڤم رقيب السورچى
176.محمد كلحى ريكان
177.محمد قادر اغا سورجى
178.فرهاد مامند حمد
179.شيرزاد على بەلەكە
180.گارق شفيع كافروش
181.گارق عزيز رچا اغا
182.شيخ صلاح نقشبندى
183.أنور محمد رچا محمود الجاف
184.برهان شوانى
185.بكر على حاج مشير
186.بكر كريم غفور
187.جاسم محمد زيبارى
188.محى الدين حمه رحيم
189.نامق عبدالكريم
190.حمه رشيد عبدالرحمان عبدالرحيم
191.شمال رفعت كلى
192.مامند قشقه
193.عمر حمه على چەرمەگا
194.مصگفى سليمان وزه
195.حمه كريم حمه فرج
196.عميد فتاح بک جاف
197.يحيى جاف
198.گاهر عيمان روستم
199.بابكر وسو محمد
200.جمال خچر خالد
201.جمال فقى حسين
202.خليل عبالله ابراهيم
203.توفيق سليمان ياسين بروارى
204.أحمد جميل امين
205.حسين حمه سور اغا
206.ئاوات احمد حسن رش
207.توفيق حمه فرج حمه روسم نورولى
208.بهرام محمد عبدالرحمن محمد
209.باييز عزيز رشيد باوەجانى
210.ابوبكر فقى صالحى
211.ابراهيم احمد ابراهيم منتك
212.أنور ميرزا ابراهيم گلى
213.أنور رشيد خچير ميران
214.علاو محمد أمين عيسى
215.عرب صالح عمر قادر
216.عدنان عبدالله احمد جباره
217. قاسم رشيد دزەيى
218.غياپ توفيق سليمان ياسين
219.عصمت دينو بيرى
220.عمر حسن رسول كردى
221.عمر بشار صالح
222.شريف حمه شريف(شەفەی خاتون)
223.شريف حمد كرداوى
224.شيخ احمد برزنجى
225.شهاب احمد وايرمن
226.صديق على محمد أمين هارونى
227.صباح اسماعيل خچر
228.صالح احمد اسماعيل الرفعى
229.صادق زيد وايرمن
230.شكر جندى عنتر مزورى
231.رشيد صالح رشيد أتروشى
232.زاهر گاهر توفيق
233.سمكو عبدى حسن زدكى
234.گارق سعيد ابراهيم مزورى
235.حسين جيهانكير جادر مزورى
236.جعفر أنور سليمان
237.جميل كريم مجيد اغا كورى
238.محمد عيسى بيرويس عيسى الجاف
239.ابراهيم نصرالدين عزيز البرزنجى
240.جمال نصالدين عزيز
241.جلال محمود صالح دوستى
242.صابر احمد رقيب
243.عباس بابيز بالو اغا
244.عباس حاجى أخاسر سيان
245.عيمان عبدالرحمن فتح الله
246.عمر احمد على
247.عمر بابكر سليم
248.فخرى اسماعيل عبدالقادر
249.قادر شفيق نعمان
250.رحيم كريم قادر
251. قاسم فاوس گاهر مصگفى اغا
252.لگيف احمد محمد الزيبارى
253.سليم مهند رسول
254.محمد گاهر يونس محمد(رينكاوى)
255.سواره فتاح فرج الجاف
256.شريف محمود معروف
257.شيخ مجيد بابيز حسن
258.صلاح الدين خچر رسول

## درێژەی .... دوا وتە

پاساوەکەیان ڕیی تێدەچیت، بەڵام دوای زیاتر لە شەش مانگ و کاتێک باسی هەڵبژاردن دێتە گۆڕێ باسی نایاسایی پەرلەمان، درۆیەکە ناتوانێت کەس فریو بدات...

خۆ ئەگەر جارێک فراکسیۆنێکی پەرلەمانی، بەهۆی دواخستنی موچە، نەدانی موچە، بۆ خزمەتگوازرییەکان، یان لەسەر بەرگری لە پرسێکی ئازادی فراکسییۆنێک کشابایەوە یان هەرەشەی کشانەوەی کردبا، دیسان دەکرا لای بەشێک لە خەڵکی کوردستان پەسن کراباو قابیلی پشتیوانی بوایە... بەڵام نەک ئەوانە رووی نەداوەو لەم فراکسیۆنە پەرلەمانیانەش چاوەروانی هەڵوێستەیەکی واناکرێت، بەڵکو هەموو ئەو فراکسیۆنانە بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوەی دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە، هاوکار و هاوبەشی دەسەڵات بوون و رتوشی کارنامەی دەسەڵاتیان کردووە و خەڵکیان خۆشباوەر بە کابیەنەکان کردووە تا رەوایەتی بە بەشداری خۆیان، بدەن.

کۆمەڵی ئیسلامی کە ناوی خۆی گۆڕی بۆ کۆمەڵی دادگەری بۆ ئەوە بوو خۆی بە جوڵانەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆ دادپەروەری هەڵبواسیت و شانی خۆیشی لە کارنامەی نەنگینی هیزە ئیسلامیەکان پاک بکاتەوەو ئەوە بکاتە دەروازیەک بۆ خۆڵ کردنە چاوی خەڵکی کوردستانەوە و تا لەو رێگایەوە شانسی متمانە بەدەست هێنان و بردنە سەری پیگەی خۆی زامن بکات، بەڵام خەڵکی کوردستان بە سانایی لە پەیام و فریوکاری پشتی ئەو مانۆرانەی کۆمەڵ گەیشتن و نەک فریوی بانگەشەکانیان نەخوارد، بەڵکو رەوەندی پاشەکشەی ئیسلامی سیاسی و لە گۆرەپانی سیاسی کوردستاندا، لای هەمووان ئاشکرایە.

کشانەوەی ئەندام پەرلەمانەکانی کۆمەڵ و هات و هاواری نەوەی نوێ و چەند پەرلەمانێکی بەناو سەربەخۆ بەپاساوی تەواو بوونی ماوەی یاسایی پەرلەمان و نایاسایی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، کردنی ئاوی پیرۆزە بە پەرلەمان و کاری پەرلەمانیدا، تا پوچی پەرلەمان و کارنامەی پەرلەمانی لە لەچاوی خەڵکی کوردستان و رای گشتی بشارنەوە. ئەمان بە کارەیان دژ بە پەرلەمان و کاری پەرلەمانی نین، بەڵکو دەیانەوێت خەڵکی کوردستان ئامادەی دەورە و خولی داهاتووی هەڵبژاردن بکەن، بەتایبەتیش کە باش دەزانن خەڵکی کوردستان باوەری بە هەڵبژاردن و پەرلەمان نەماوەو بایکۆت و بەشداری نەکردنی نزیک بە سەدا هەشتای خەڵکی لە هەڵبژرادنەکاندا، بەڵگەی ئاشکراو حاشەهەڵنەگری وەستانەوەی خەڵکی کوردستاندا نەک بەرووی گاڵتەجاری هەڵبژاردن و پەرلەمانی دیکۆری خزمەتکاری حزبدا، بەڵکو بەدژی دەسەڵاتی داسەپاوی بزوتنەوەی کوردایەتیدا... ئەم جەنابانە دەیانەوێت ئابڕو بۆ هەڵبژرادنی ئابڕو بڕاو و پەرلەمانی بێ ئابڕو و وەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بگێرنەوە.

خەڵکی کوردستان پینج خولی گاڵتەجاری هەڵبژاردنی تاقی کردۆتەوە، پینج خولی کارنامەی حزبەکان بە قەومی و ئیسلامی و دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە تاقی کردۆتەوە، کشانەوەی فراکسیۆنەکانی تاقی کردۆتەوە، درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی ئەزموون کردووە، لەهەموو ئەو تاقی کردنەوانەدا ئەوەی رۆشنە پەرلەمان جگە لە دیکۆرێک بۆ رەوایەتی بەخشین بەدەسەڵاتی میلیشیایی و حزبی زیاتر شتیکی تر نەبووە، هاوکات بۆتە مایەی دەوڵەمەند بوون دەستراگەیشتن بە ژیانی شاهانەی پەرلەمانتاران و ئایندەی تەسەلی خانەنشینیان و لوشدانی داهاتی خەڵکی کوردستان و لەبەرامبەریشدا خراپتر بوونی ژیان و گوزەرانی خەڵک و نەمانی خزمەتگوزارییەکان و پەرەسەندنی هەژاری و گرانی و نەبوونی...

پەرلەمان و حکومەت، لە هەرێمی کوردستانی ژێر سایەی دوو حزبی میلیشیایی و دوو زۆنی دەسەڵاتی جیاواز و لە نەبوونی قەوارەی دەوڵەتی و لە نەبوونی مافی فەرمانرەوایی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، جگە لەدیکۆرێک بۆ فریوکاری زیاتر شتیکی تر نییەوە خەڵکی کوردستانیش بە باجێکی زۆر بەو راستیە گەیشتوون... مانۆری فراکسۆنی کۆمەڵ و چەند ئەندام پەرلەمانێکی دەم هەراش و تەسەل و هات و هاواری نەوەی نوێ بەوەی پەرلەمان و حکومەت تەمەنیان نایاساییە، فریوکارییەکی ئاشکرایە بە مەبەستی ئابڕو گێرانەوە بۆ پەرلەمان و بەپیرۆزکردنی...

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحموود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
د. هەتاو حمەصالح, شوان سدیق، دلێر محەمەد کەریم، زانا کوردسانی، وریای ڕەسام،جەمال نوری، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، عەلی مەولود، ئاراس ڕەشید، توانا حەمەنوری،عەبدوڵا مەحمود،...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"دۆسیەی رادەستکردنی نەوت و ئایندەی سیاسی کوردستان"...

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

## دوا وتە

# کشانەوەی فراکسیۆنی کۆمەڵ...

**عەبدوڵا مەحمود**

لەچەند رۆژی رابردوودا حەوت ئەندامی پەرلەمان و ٣ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا و قایمقیمێک و چوار بەڕێوەبەری ناحیەو بەرێوەبەر و جێگریکی گشتی لە ئیدارەی سلێمانی، لەسەر داوای عەلی باپیری سەرۆکی کۆمەڵ، دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان رادەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد. پاساوی ئەو هەنگاوەی کۆمەڵ ئەوەیە کە ئەم دەزگایانە ماوەی یاساییان تەواو بووە.

درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پاریزگای سلیمانی و تازە نییە، چەندین مانگە پەرلەمان ماوەی خۆی درێژکردۆتەوە و ئەنجومەنی پاریزگای سلێمانیش دەمێکە ماوەی یاسایی خۆ تەواو بووە، کەچی تازە بەتازە کۆمەڵی دادگەری خەبەری دەبێتەوە کە ماوەی یاسای پەرلەمان و ئەنجومەنی پاریزگای سلێمانی بەسەرچووە بۆیە بەو پاساوە کۆمەڵ ئەندامەکانی خۆی لە پەرلەمان و دەسەڵاتە خۆجێیەکان دەکێشێتەوە...

دەست لەکارکێشانەوەی فراکسیۆنە پەرلەمانیەکان، لەهەرێمی کوردستاندا تازە نییە و چەند جارێکی تر فراکسیۆنێک یان چەند فراکسیۆن لە پەرلەمان کشاونەتەوە. ئەوەی لە کشانەوەی پەرلەمانتاران یان فراکسیۆنەکاندا ئەزمونکراوە... ئەوەیە هەر کاتێک بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری رووی لەهەڵکشان کردبێت و پەرێبیتەوە شەقام، یان کاتی هەڵبژاردنەکان نزیک بووبێتەوە، باسی کشانەوەی فراکسیۆنەکان هاتۆتە گۆڕی... ئامانجیش لەو دوو بژاردەیە کە فراکسیۆنەکان بۆ کشانەوە کردویانە بە عادەت ئەوەیە، لە کاتی هەڵچوونی بزوتنەوە نارەزایەتییە جەماوەریەکاندا بۆ ئەوەی خۆیان بە نارەزایەتی شەقامەوە هەڵبواسن و گەردن ئازادی لە کارنامەو بەشداریان لە حکومەتی و دز و گەندەڵدا بکەن، دەستیان بردووە بۆ دەست لەکارکێشانەوە یان هەرەشەی دەست لەکارکێشانەوە... ئەو کاتانەش کە پرسی هەڵبژاردنەکان نزیک دەبێتەوە دووبارە باسی کشانەوەی فراکسیۆنە پەرلەمانیەکان بەدەستەوە دەگیرێت، چ وەکو کەمپەینێکی پیش وەختەی هەڵبژاردن و چ بۆ شان خاڵی کردنەوە لە کارنامەی پیشوو حکومەت و پەرلەمان...

کشانەوەی فراکسیۆنی دادگەری دوورو نزیک پەیوەندی بە نایاسایی بوونی پەرلەمان و دەسەڵات خۆجێییەکانەوە نییە، ئەگەر وابوایە ئەو کاتەی پەرلەمان تەمەنی خۆی درێژ کردەوە یان دوای مانگیکیش دەکرا بلێین

بۆ لاپەڕە 13

## بەشیك لە کرێکارانی ژینگە پارێز مان دەگرن، پێویستە پشتیوانی بکرێن!

ماوەی چەند رۆژێکە بەشێک لە کرێکارانی ژینگەپارێز لە ئاکرێ و شێخان و هاوکات لە سلێمانی و چەمچەماڵ کە ئەرکی کۆکردنەوەو پاککردنەوەی گەرەک و شەقامەکانیان




لە ئەستۆیە، بەهۆی دواکەوتنی موچەی مانگانەکەیان دەستیان داوەتە کۆبونەوە و مانگرتنی نارەزایەتی. بەو هۆیەوە بەشێکی زۆری شەقام و گەرەکەکان خۆڵ و خاشاکێکی زۆری لێ کۆبۆتەوە و سیمایەکی ناشیرینی بەخشیوە بەو گەرەک و شەقامانە.


مانگرتنی کرێکاران بۆ موچە دواخراوەکانیان و دانی موچەی تەواوی کرێکاران مافێکی بێ ئەولاولای کرێکارانەو نابێ بەهیچ شێوەو پاساوێک دوابخریت یان رابگیرێت.

ئەگەر کۆمپانیاکان و خاوەن کارەکان خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانن و مانگانە لەسەر شان و ئارەقەو ماندووبوونی کرێکاران بە ملیۆنان دینار و دۆلار قازانج و کەڵەکە دەکەن و کێشەی ژیان و گوزەرانیان نییە، ئەوا کرێکاران جگە لە فرۆشتنی هێزی کاریان، هیچی تریان نییە.

ئەگەر موچەی مانگانەیان لەکاتی خۆیدا پێ نەدرێت خۆیان و خێزانەکانیان رووبەڕووی دۆخێکی یەکجار سەخت دەبنەوە. سەرچاوەی بژێوی کرێکاران کاری رۆژانە و موچەکەیانە و مافێکی رەواو حاشالێنەکراوی کرێکارانە کە دەبێ دەستبەجێ و بێ پاساو هێنانەوە بدرێت.

مانگرتنی کرێکارانی ژینگەپارێز، نیشانی دایەوە کە جێگاو رێگای چینی کرێکار لە کۆمەڵگەدا چەندە بناغەیی و میحوەرییە. ئەگەر شەقام و گەرەک و شارەکان سیمایەکی جوانیان هەیە، ئەوە بەرهەمی ماندووبوونی و کاری کرێکارانە... ئەگەر کرێکارانی ژینگە پارێزو شارەوانی کار رابگرن، کۆمەڵگە نوقمی دزیوی دەبێت و بۆگەناو ژیان لە هاوڵاتیان دەشێوێنی و تەندروستی کۆمەڵگە بەسەریەکدا دادەڕمێت... خۆ ئەگەر بەشەکانی تری چینی کریکار لە کارگەو کارخانەکان، لە بیناسازی و هاتووچۆ، تا دەگاتە کێڵگەکانی بەرهەم هێنانی نەوت و گواستنەوە،...تاد، دەست بدەنە مانگرتن، کۆمەڵگە لە جوڵە دەخەن و ئاسەوارێک لە ژیان و گوزەران نامێنێ. موچەی مانگرتنی کرێکارانی ژینگە پارێز، و زامنبوونی موچەکانیان لە کاتی خۆیدا مافێکی رەوایەو دەبێ پێیان بدرێت، لەو راستاییەدا ئەرکی بەشەکانی تری کریکارانی ژینگەپارێزو و بەشەکانی تری چینی کریکار و تەواوی کۆمەڵگەیە کە پشتیوانی لە داخوازی رەوای کرێکارانی مانگرتوو، بکەن و ببنە پشت و پەنایان. ئیمە لە بۆپێشەوە پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ داخوازییەکانی کرێکارانی ژینگە پارێز رادەگەیەنین...

**بۆپێشەوە**




# بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام